ووتاری بەعس و پارتی بەبۆنەی بیرەوەری ١١ ی ئاذاری ئەمەوە

بەبۆنەی یادی یەکەمی دەرچوونی بەیاننامە مێژوویی کەی ١١ای ئاذارەوە کاك صالح مهدی عماش ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی و قطری پارتی بعس لە جیاتی کاك احمد حسن البکر ئەمینداری سەرکردایەتی قطری وتاری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی خوێندەوە .

کاك عماش لەسەرەتای وتارەکەیدا سلاوی لە جەماهیری گەل کردو وتی : « پار لەم ڕۆژە پیرۆزەدا شۆڕشەکەی ١٧ای تەمووزی ئەمرتان سەرکەوتنێکی مەزنی هێنایەدی ئەویش جێگیرکردنی ئاسایش بوو لە ژووروی خۆشەویستمانا کاتێك کە سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر بەیاننامە مێژوویی یەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بلاو کردەوە دەربارەی چارەسەر کردنی دەربارەی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتی و عادیلانە، کە بەمەش دەست پێ کردنی قۆناغێکی نوێی لە مێژووی نیشتمانەکەمانی دیاری کردو ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم برایەتی عەرەب و کوردا کردەوە .

بەیاننامەکەی ١١ی ئاذار دەربڕینێکی ڕاستەقینە بوو بۆ خواستو ئامانجی جەماهیرو سەلماندنێك بوو بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی نیشتمانی پتەوی ئەوتۆ کە ولاتی عێراقمان بەرێت بەرەو مەلبەندی ئاشتی و خۆشی و دادپەروەری کۆمەلایەتی بەم بۆنەیەوە بەناوی پارتەکەتانەوە .. پارتی شۆڕش و حکومەتەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە هەموو ڕۆلەکانی گەل ئەکەم .. وە پیرۆزبایی تایبەتیش پێشکەش ئەکەم بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەموو ئەندام و سەرکردەکانی یەوە لەسەرو هەموویانەوە برای تێکۆشەر کاکە مستەفا بارزانی .

لە هەمان کاتیشدا بە ناوی ئێوەوە ئەوە ئەدەین بە گوێی دوژمنانی ئاشتی دا لە بەکرێ گیراوەکانی ئیمپریالیزم و ئەو کۆنەپەرستانەی هەمیشە لە پیلان گێران ئەوەیان ئەدەن بەگوێدا کە ئاسایش بۆ ئەوە هاتۆتە کایەوە کە بمێنێتەوەو هەر هەولدانێك بۆ پشێوی خستنەوە وەك یاری کردنێکی ترسناك وایە بە ئاگر کە لە ئەنجامدا هەر خاوەنەکەی ئەسووتێنێ .

چارەسەری ئاشتی و دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد لە ئەنجامی هەولێکی دلسۆزانەو بەپێی بڕیاری کۆنگرەکانی پارتی بەعسی هاتە کایەوە ..

کاك عماش وتی : « پاش تەقینەوەی شۆڕشەکەی ١٧ای تەموز پارتی بەعسی یەکسەردەست پێشکەری کرد بۆ باس کردن و گەڕان بەدوای

بڕوانە : ل ٧

بارزانی : بەیاننامەی ئاذار سەرکەوتنێکە بۆ گەل

کاکە مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باسی یادی یەکەمی دەرچوونی بەیاننامە مێژوویی- یەکەی ١١ی ئاذاردا داوای لە ڕۆلەکانی گەل کرد بۆ کاری بەرهەمدارو هاوکاری کردن لە پێناوی جێبەجێ کردنی تەواوی بەیاننامەکەدا .

کاك ئیدریس بارزانی ئەمەی لە ئێستگەی ڕادیوی دەنگی جەماهیرەوە لە جیاتی بارزانی مستەفا ڕاگەیاندبوو وە ووتبوی بەیاننامەکەی ١١ی ئاذارسەرکەوتنێك بوو بۆ گەل و ڕۆلەکانی گەلی عێراقی لە یەکێتییەکی نیشتمانی پتەودا یەکخستو لاپەڕەیەکی نوێی پڕ لە برایەتی و دۆستایەتی ئاسوودەیی کردەوە .

وە وریایی نیشاندا لە بەکرێ گیراوو دەسیسەچیەکان و ئەوانەی ئەیانەوێ کۆسپ بخەنە بەردەم جێبەجێ کردنی بەیاننامەکەو گەرەکیانە لەسەرحیسابی خوێن ڕژان سوودوکەلك وەربگرن .

وە لە کۆتایی قسەکانیا پیرۆزبایی لە کاك احمد حسن البکرو ئەندامانی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و هەموو ڕۆلەکانی گەل کرد .

هاوکاری

التضامن

ژمارە : ٩ — سالی دووەم — نرخی ٢٠ فلسە — ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە دەزگای گشتی چاپەمەنی و بلاوکردنەوە دەری ئەکات — ١٣ای مارت ١٩٧١

باکاروانی ئاذار هەر لە ڕۆیشتنا بێت

ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان نیشانەی بتەوی برایەتی کوردو عەرەبە

لەسەعات دەی بەیانی ڕۆژی هەینی دا لە شاری بەغدا خۆپیشاندانێکی گەورە کرا بۆ دەربڕینی شادی و خۆشی گەل بەبۆنەی بیرەوەری یەکەمی دەرچونی بەیانی ١١ی ئازاری ئەمرەوە .

ئەم خۆپیشان دانە لە پانای مەیدانەوە دەستی پێ کردو بەشەقامی ڕەشیدا تاپانای (تحریر) گەیشت .. وە چەند سەرکردەیەکی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست و ئەندامانی مکتبی سیاسی پارتی دیمکراتی کوردستان پێش خۆپیشان دەرەکان کەوتبوون. ئەمەو لە خۆپیشان دانەکەدا ئەمو ڕێکخراوە میللیەکان لە کرێکاران و جوتیاران و ئافرەتان و قوتابیان بەشداربون کە هەموو دروشمیان بەرز کردبوەوە . پشتگیری گەل هەموو گەل دەرئەبری بۆ ئەو هەنگاوە مەزنەی لە سالی ڕابوردوودا نرا ... وە دووایی بەشەڕی براکوژی ئوسال هێناو ئاشتی گێڕایەوە بۆ کوردستانی خۆشەویست .

سەرۆکی لیژنەی ئاشتی دەسەلاتی سەرەك کۆماری ئەبێت

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی دەرکردوە:

بەپێی فەرمانی ئەفقەرەی- آ - لە مادەی ٤٢ی دەستوری وەختی و لەسەر موافقەتی سەرەك کۆمار ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ٦-٣-١٩٧١ دا بڕیاریدا :

١ - مرتضی حدیثی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرەکی لیژنەی ئاشتی هەموو دەسەلاتی یاسای سەرەك کۆمارو وەزیرەکانی ئەبێ لە جێبەجێ کردنی هەرچی پەیوەندی هەیە بە جێبەجێ کردنی بەیانی ١١-٣-١٩٧٠ وە بڕیارو خواستەکانی لیژنەی ئاشتی .

٢ - بڕیارەکانی مرتضی حدیثی بەپێی ئەحکامی فقەرەی یەکی ئەم بڕیارە پێویستە جێبەجێ بکرێن ، بەبێ ئەوەی بەرچاوی لایەکی کە بخرێت هەتا ئەگەر ئەو بڕیارە پێویستی بە مرسومی کوماری یان بڕیاری وەزاری یان بڕیاری هەرلایەکی کە وەك ئەنجومەنی ئیداریەکان .

٣ - وەزیرەکان لە سەریانە ئەحکامی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .

سکرتێری پ.د.ك لە یادی ١١ی ئاذاردا ئەدوێ

کاك حبیب محمد کریم سکرتێری گشتی پ.د.ك ئاشکرای کرد کە حکومەتی شۆڕشی ١٧ی تەموز زۆر لای گەورەو گرنگی بەیانی ١١ی ئاذاری مێژوویی جێبەجێ کردوە کە ئەو بەیانە ڕادەیەکی دانا بۆ دوایی هێنانی شەڕی برا کوژی .

وە کاك حبیب ووتی : هوی سەرنەکەوتنی حکومەتەکانی پێش ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ لە چارەسەری مەسەلەی کوردا بێهێزی ئەو حکومەتانەو دووریان بو لە جەماوەرو هێزە پێشکەوتو خوازەکان .

وەکاك حبیب لەبارەی سەرنجیەوە لە باشە ڕۆژی پەیوەندیەکانی بەینی هەردوو پارتی هاوپەیمانەوە ووتی : باشە ڕۆژی هەردوو پارتی دۆست لەسەر هەولی هەردوو لایان وەستاوە لە پێناوی وەفاداریان بەرامبەر بەیەك .

هەروەها ووتویە : بەبۆنەی یادی یەکەمی بەیانی ١١ی ئاذارەوە هەموومان ئەوەمان لەسەرە پێکەوە کاربکەین بۆ بەهێز کردنی بتەوەتی هاوکاری برایانەی بەینی پارتیەکەمان و پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست .

پیرۆزبایی (پ. د. ك) لوبنان

کاك جەمیل مەحۆ سکرتێری پ.د.ك لە لوبنان لەبیرەوەری ١١ی ئاذاردا ووتویەتی : ئەم ڕۆژە بۆتە جەژنێکی مێژوویی بۆ هەموو پێشکەوتو خوازەکانی جیهان چونکە یەکێتی نیشتمانی لە عێراقدا جەسپاندو زەبرێکی تووند بوو ئاراستەی کۆنە پەرستان و ئیمپریالیزم و سەهیونیزمی دوژمنانی جەماهیری عەرەب و کورد کرا .

واش بڕیارە لە ئاهەنگەکانی ئەمڕۆژدا یارەگای پ.د.ك لە بیروتدا بکرێتەوە .

دووانەکەی د. عثمان لەیادی ئاذاردا

دوکتۆر محمود عثمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاندوە : « پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی هاوکاری لەگەل حکومەتی نیشتمانی و پارتی بەعسیدا ئەکات هەروەکوو پار لە پێناوی جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئاذارو تەواو کردنی بەجێهێنانی هەموو بەندەکانی تا بتوانین هەمووەمان عێراق بەرەو پێشەوە بەرین .»

هەروەها ووتی : « گەلێك لە بەندەکانی بەیاننامەکە جێبەجێ کراوە بەلام ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و دوژمنانی ناوخۆ هەمیشە ئەیانەوێت تەگەرە بخەنە ڕێگەی جێبەجێ کردنیەوە . بۆیە پێویستە وریابین و هەمیشە هەول بدەین بۆ ئەوەی جێبەجێ کردنەکەی بەتەواوەتی بێت .»

وە لە ناوەندی دوانەکەیدا ووتی : « پێویستە بە دەستێکی ئاسنین لە سەری ئەو داخ لە دل و بەکرێ گیراوو دوژمنانی ڕێکەوتن و چلکاوخۆرەکان بدرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر دەورەوەی مێژوو دووەو دوا نەبێتەوەو گەل عێراق ڕووەو ئاشتی و برایەتی هەنگاو بنێ .

نامەی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهان بۆ ئافرەتانی هندی چین

بە بۆنەی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانەوە « هێرتا کوستینن » سەرەکی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهان نامەیەکی ئاراستەی ئافرەتانی هندی چین کە خەبات ئەکەن دژی دەست درێژی ئیمپریالی ئەمریکا کردوە وە بەناوی ١٠٧ ڕێکخراوی ئافرەتانەوە کە ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی جیهانن هاوکاری تەواوی سەلماندوە لەگەل گەلانی کۆماری فیتنامی دیموکراتی و فیتنامی خوارووی کەمبۆدیاو لاووس .

وە نامەکە سەلاندویەتی ئافرەتانی هەموو جیهان لە خەباتێکی سەختان دژی جەنگی تاوان کاری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە لاووس و کەمبۆدیاو فیتنام .

برلین — تاس

پەیامی هاوکاری

با یادی ئاذار هاندەری پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیمان بێت

لەم ڕۆژانەدا جەژنێکی گرنگ و بایەخدار تێپەڕی بەسەر گەلی کوردمان و هەموو گەلی عیراقدا ، کە ئەویش بیرەوەری یەکەمی ١١ی ئازار بوو ، کە جەژنی ئاشتی و برایەتی و ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد و سەلماندنی مافە ئەتەوایەتی یە ڕەواکانیەتی بە «حوکمی زاتی» پشەوە .

ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ، سەرەنجامی قۆناغێکی سەختی خەباتی گەلی کوردمان بوو،وە بەرهەمی فیداکاری بێ پایان و تێکۆشانی بێ وچانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بوو لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری ئەتەوایەتی دا .

بە بلاوکردنەوەی بەیانی ئازار و سەلماندنی مافی حوکمی زاتی و هەنگاو هەلهێنانەوە بەرەو جێبەجێ کردنی ، خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردمان پێی نایە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە و کاروانی بەرەو پێش کشاوی کوردایەتی خستە سەر سەرەتای پلەیەکی نوێی تێکۆشان ، چونکە لە ڕاستی دا هەر بە تەنها سەلماندنی مافی حوکمی زاتیش ، خۆی لە خۆیا بڕینی پلەیەکی سەخت بوو وە بەدیهێنانی ئاواتێکی دێرینی گەلی کورد بوو ، وەبووە هۆی گەشە پێدانی ئاومرۆکی بزووتنەوەی کوردایەتی .

بەیانی ئازار لاپەڕەیەکی لە مێژووی عیراقی ئەم سەردەممان هەلدایەوە ،لاپەڕەیەکی خوێناوی پڕ ئازارو چەوساندنەوە ، پڕ ڕوخاندن و ویرانی ، وە لاپەڕەیەکی نوێی دەست پێ کرد لە ژیانی گەلی عیراقدا ، کە تیایا قۆناغی بیناو ئاوەدان کردنەوە دەست پێ ئەکات ، قۆناغی ساڕێژ کردنی برینەکانی کۆن و چارەسەر کردنی دەرد و گیروگرفتە زۆرەکانی گەلەکەمان قۆناغێك کە تیایا هەموو هێزوە توانای گەلی عیراق ،بە کوردو عەرەب و کەمە ئەتەوایەتیەکانەوە تەرخان بکرێت بۆ پێش خستنی ولات لە ڕووی ئابوری و پیشەسازی یەوە وە هەموو گیللەیەك ئاراستە بکرێت بەرەو ڕووی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت وهێزە کۆنەپەرستە بەکرێ گیراوەکانیان .

ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئازار،گۆڕانێکی گەورەشی هێنا بەسەر پەیوەندی هێزە سیاسی یەکانی کوردستاندا ، وە زیاتر لەهەموو کاتێکی تر،ئەو ڕاستی یەی لە پێش چاوی گەل ئاشکرا کرد ، کە بەبێ برانەوەی شەڕی براکوژی ناو کورد خۆی ، وە بەبێ یەکلا گرتنەوەی ڕۆلە دلسۆزەکانی کورد و یەك خستن و ڕێك خستن و خستنە کاری هەموو هێز و توانایانەوە ، بەیانی ئازار جێبەجێ نابێ و گەلی کورد بە هیوا دێرینەکانی خۆی شاد نابێت ، وە بەوەوە بەردی بناغەی یەکێتی هێزەکانی کوردی دانا ، کە ئەوەش لەخۆیا دەس کەوتێکی گەورە و بەبایەخ بوو ، کە کاری خۆی ئەکات لە چەسپاندن و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکەی ئازاردا .

کۆمەلانی خەلکی کوردستان و سەرجەم جەماهیری گەلی عیراق ، لە بیرەوەری یەکەمی ئازاری ئەمردا ، لە گەرمەی ئاهەنگ گێڕانیا بەم بۆنە پیرۆزەوە ، لە خۆشی پێشوازی کردنی ئەم جەژنەدا ،ئاواتە خوازە کە هەول و تەقەلای دلسۆزان بەردەوام بێت ، وە لەجاران خێراتر ، بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکەوچەسپاندنی ئەو بەندانەی کە جێبەجێ کراوە و پاراستنی ئەو دەسکەوتە گرنگانەی کە بەیانی ئازار هێنایەدی ، وەچاوەڕێی هەنگاوی تر و دەسکەوتی تازەن لەم مەیدانەدا .

کۆمەلانی خەلکی کوردستان

بڕوانە : ل ٧

ژمارە : ٩
١٣ی مارت ١٩٧١

« شوان لای » لــە ڤێتنامی دیموکراتی

هونگ کونگ ـ ئا٠د٠ع :
رادیوی هانوی بڵاوی کردەوە کە شوان لای سەرەک وەزیرانی چینی میللی بــە سەردانی وەفدێکی حەوت کەسی چوە بۆ ڤێتنامی دیموکراتی ، رادیوکە کاتی سەردانەکەی ئەوتوە . ئەوەشی دەرنەخستوە ئایا هەر لەوێ یە یان گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی .

ئەوەی شایانی باســە دوا سەردانی ئاشکرای شوان لای بۆ هانوی ئەیلــول ١٩٦٩ بو بەهۆی کۆچی دوای ســەرەک هوشی منەوە .

وە وەزارەتی دەرەوەی چین بڵاوی کردبوەوە کە سەردانەکەی شوان لای لەسەر خواستی حکومەتی ڤێتنامی دیموکراتی بوە ، وە چاودێری ئەوەکان ئەڵێن ئەم سەردانە بەرپەرچ دانەوەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو هاوکاریە ناڕەوایەی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی بەکرێ گیراوی سایگون دا ئەیکات .

ئەمــــەو چینی میلل مانگی رابوردوو پەیمانێکی لەگــەڵ ڤێتنامی دیموکراتیا ســۆد کرد کە بەو پێیە یارمەتی سەربازیو ئابوری چین بۆ هانوی زیاتــر ئەبێت .

کەمبودیای پێش دون نــۆل ترسێکی گەورە بو لەسەر ئەمریکاو چــاو برسیەتی :

دوای ئەوەی ئیمپریــالی ئەمریکایەی توانی بەو هــەموو هێزو توانایەوە لە شــەری ناڕەوایا لە دژی گەلی ڤێتنامی خوارو بەکاری ئەهێنا هیــچ سەرکەوتنێکی دەست کــەوێ ، بیری لەوە کردە وە کە ئاگری ئەو شەڕە ناڕەوایەی بە شێکی زۆر تری ناوچەی هندی چینی بگرێتەوە بە نیازی ئەوەی لــەو ناوەیێک جوەدا ئەم بتوانــێ مەبەستی چاوبرسیەتی ناڕەوای خۆی کــە قەوزکــردنی دەسەڵاتیەتی بەسەر گەلانی ئەو ناوچەیەدا بێنەدی .

ئەمەو بەر لەوەی هەڵگەڕانەوە ئیمپریالیەکەی ئەمریکا لە کەمبودیا سەربگری حکمێــکی نیشتمانی لەو وڵاتەدا هەبــو بە سەرۆکایەتی ئەمیرو نۆردۆم سیهانوك ، کە پشتیوانێــکی دڵسوزی شۆڕشگێڕەکــانی ڤێتنامی خواروبو وەســنووری وڵاتەکــەی کردبوەوە بــۆ یارمەتی دانی ئەو شۆڕشگێڕانە بەتایبەتی لەڕووی دالــدەدانی خێزانە لێقەوماوەکانی شــەڕی خوێناوی ڤێتنام . لە بەر ئەوە ئەمریکاو هاوسوتەکــانی کەوتنەخۆ بۆ پیلان گێران دژی ئەو حوکمە دیموکراتیەو ئەوەبو لەکاتی سەردانەکەی سیهانوکا

بۆ چینی میلل فرسەت هێنراویپیلانێکی ناڕەوای هەڵگەڕانــەوە لە کومبودیا جێبەجێ کــراویەکری گیراوێکی ئەمریکا کــە ـ ژنراڵ لون نوڵە ـ حکمــی گرتە دەست .

یەکەم کاری ئەم حوکمــە بەکرێ گیراوە کردی لیــدانی ڤێتنامیەکان بو لــە کومبۆدیاو هێنانی هێزی ئەمریکاو حکومەتی سایکونی بەکــرێ گیراوبــۆیارمەتی دانی لەم مەبەستە پیسەی دا .

بەرەی شۆڕشگێری کەمبودیا :

بەڵام بێ گومان گەلی کەمبودیاش کەچ نەوەستا لە بــەردەم ئەم گوڕانە ناڕەوایەی پیلانەکەی ئەمریکاو هاو سوێتەکانی لــەو وڵاتەدا هێنایە کایەوە . بەڵکو کەوتە خۆو ڕیزە نیشــتمان پەروەرەکانی کۆ کردەوە ، لــە ژێر ئاڵای بەرەی نیشــتمانی کەمبودیاو چەکی هەڵگــرت بەڕووی حکمی بەکرێ گیراواو بەڕووی هێزە داگیرکەرەکــانی ئەمریکاو سایکون دا .

وە ئەمیر نوردوم ســیهانوك حکومەتێکی وەحدی پێك هێنــا کە لەلایەن هــەموو هێزە ئازاد خواکانی جیهانەوە پشت گیری کراو هیچ وڵاتێکی ئازاد خواش لە جیهانا رازی نەبو دان بنێ بە حوکمی بەکرێ گیراوی لون نول دا لە کەمبودیا .

سەرکەوتنی خێرایی :

بێ گومان ئەمریکا بەرهــەمی پیلانە ناڕەواکەی ئەخوارد ، وە لەبەردەم رایەڕینی گــەلی کەمبودیاو لیدانە توندەکانی کە ئاڕاستەی هێزە داگیرکەرەکانی ئەکردو ئەیکات جەواشە بو ، هەتا لە وڵاتە یەکگرتوەکــانی ئەمریکا حکومەتی نیکسون ڕوو بەڕووی رەخنەو ناڕەزای توندو تیژ بو چونکە ئەمریکای توشی داوێکی تر کرد گرانە رزگاری بێ بە شکاندنی ئەبێت .

وە لە کاتێکــا ئیمپریالی ئەمریکا لە زۆر شوێنی وڵاتانی هندی چینیدا! ڤێتنام و لاووس و کەمبودیا ئاگری شەڕی ناڕەوای بەرپا کردوەگەلانی ئەو وڵاتانە زیاتر سوورن لەسەر ئــەوەی

ئامادەکردنی :
بەشی لێکۆڵینەوە لــە ـ هاوکاری ـ

خۆ بەدەستەوە نەدەنو بەردەوام بن لــە بەر پەچ دانــەوەی جموجوڵی ناڕەوای ئیمپریالی ئەمریکاو هاوسوێتەکانی .

سەرکەوتنەکانی گەلی کەمبــۆدیا راســتی دۆڕاوی ئەمریکــا ئەسلمێنێ :

ئەو سەرکەوتنانەش کــە گەلی کەمبودیا لــەژێر ئاڵای هێزەکانی رزگاری نیشتمانی دا بەدیان ئەهێنێ راستی ئــەوە ئەسلمێنێ کە ئیمپریالی ئەمریکا دۆڕاوە .

هەر لە کوتای مانگی رابوردو وە سەرەتای ئەم مانگــەدا سەرکەوتنەکانی شۆڕشگێرەکانی کەمبودیا بەم جۆرە بوە :

لــە هەرێمی ـ کومبۆنگ تشام ـ شۆڕشگێڕەکان هێرشێکی توندیان بردۆتە سەر هێزەکانی بەکرێ گیراوەکانو لــە ناویان بردون ، وە ئەمریکای ٢٧ دا کە بەستراوە بە فنوم پنــەی پایتەختــەوە کەتیبەیــەکی حکومەتی بەکرێ گیراو لــە ناو براوە .

وە لــە خواروی رۆژ ئاوای دامبێرا شۆڕشگێڕەکان (٢٠٠) سەربازی حکومەتی لــون نولو ســایکونی بەکرێ گیراو ئەمریکایان لەناو بردوە .

کەمبۆدیا :
ئیمپریالیزمی ئەمریکانەی توانی مەبەستی خۆی لە کەمبۆدیا بەدی بێنێ

یادداشتی یەکێتی ی نووسەرانی کورد لە بارەی دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانی کوردستانەوە

بەرێز وەزیری کاروبــاری سەرەوە !

باش سڵاوی گەرمو رێــزلێ گرتنی فراوان دان ئان بە مافی خوێندندایە کوردی لــە قوتابخــانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەکەری یەکانی ناوچەی کوردستانی عێراق ، دەسکەوتێکی گەورەبوو بە خەباتی بێ وچانی گەلەکەمان دەسگیرمان بوو، کەلە ١١ی مارتی ١٩٧٠دا سەرکەوت . بەڵام ئێمە لامان وایە مەسەلەکە نابێ لەم رادەیەدا بوەستێ ، چونکە لەوە گرنگەکە ئەم دەسکەوتە بە جۆرێک کەلکی لێ وەربگیرێ کــە خزمەتی پێشکەوتنی زمــانو ئەدەبی ئەتەوەیی بکاو کــەیاندنی ئەوەی ئومێمان بکا ، بۆیــــە ئەبێ بەووردی لەم مەسەلەیـــە بکۆڵرێتەوەو ئەخشەی بــۆ بکێشرێ ..

بۆئەوەی کەمێک شایانی دانانو وەرگێرانی کتێبــی قوتابخانەکانی کوردستان بێ ، پێویستە جگە لەوە کــە بابەتەکە باش بزانێو لــێی بکا ، شارەزایی یەکی باشیشی هەبێ لە ڕێزمانی زمانی کوردیو ئەدەبی کوردو کاروبــاری پەروەردە کردن ، بۆئــەوەی نووسراوەکەی لەگەڵ بــاری مێشکو دەروونی ئەو قوتابی یانە بگونجێ کە کتێبەکەیان بــۆ نووسراوە . ئێمە ئەگەر بڵێین زۆربەی مامۆستایانــی قوتابخانەکان شارەزای شێوەی راستی پەروەردە کردنــن، ناتوانین بڵێین هەر لەبەرئەوە کە مامۆستان کوردی بــاش ئەزانن و ئاگاداری ئەدەبــی کوردو ڕێزمانی کوردیــن، بەتایبەتی چونکە گەلەکەمان تا ئەم دوایی یە بۆی ئەلواوە بــە زمانی خۆی بخوێنێو ، زۆربەی ئەوانەی کە دەسیان هەیە لــە کوردیدا ، لە ڕێگای بەردەوام بوونیانەوە لەسەر نووســین ئەو دەستەیان پەیدا کردووە .

ئەوەی تا ئێستا زانیومانــە لەبارەی جۆنیــەتی ی دانانی لیژنەی وەرگێرانی کتێبەوە بۆ قوتابخانە ناوەندیو ئــامادەکەری یەکانی کوردستان وامان بیستان ئەدا ئەو لیژنانــە مەرجی پێویستیان تیا نی یــەو، بەڵکو بەش بەحاڵی ســاڵانی پێر کەمو کوڕی ی ڕابوردوویش بۆدواوە گەڕاونەتــەوە ، وە زۆریان ئاێستا کەس ئەیدیوە شتێك بنووسن . دیــــارە شتی وا لەوانە نی یە لــێی بێدەنگ بیبیو چاوی لــێ بپۆشین ، چونکە پاشەڕۆژی ئەوەی نوێی ئەتەوە کەمانو زمانو ئەدەبەکەمان لــەوە گرنگترە لەبەر هەر هۆیــەك پشت گوێ بخرێ .

یەکێتی ی نووسەرانی کورد بەپێی ئەوەی کە گەورەترین کۆمەڵێکی کوردە بۆ ژیاندنەوەو پێش خستنو گەشە پێ کردنی زمانو ئەدەبی ئەتەوەییمان تێ ئەکۆشێ . داواتان لێ ئەکا کەوا لەبەرئەوەکە کاربەدەستی یەکەمی کاروباری خوێندنــی کوردین ، هەوڵ بدەن بۆئــەوە کە لە پێ سپاردنی دانــانو وەرگێرانی کتێبی کوردیــدا ئەنها تەماشای زانایی و لێهاتن بکرێو هیچی تر ئەخرێتــە بەرچاوو ، مەرجەکــانی وەزارەتی پەروەردەو فێــر کردنیش پشت گوێ ئەخرێن، وە ئەوانەی ئەم ئیشەیان پــێ ئەسپێردرێ جاری تر ئــەرکی ئەم چەشنەیان لە ئەستۆ گرتبێو لەعۆدەی هاتبن ، بۆئــەوەی کتێبە دانراوو وەرگێراوەکانیان جۆر بێ لەگەڵ پەیڕەو بابەتــە کانیان بەتەواوی و باشی تیا ڕوون کرابێتەوەو جــوان داڕێژرابێ ، تا پلەی خوێندەواری ی قوتابی یەکانمان ئەیەتە خوارو ، زمانو ئەدەبە کــەمان لەکەدار ئەبێو شتی وشکو بێتامو بێ کەڵــك بــڵاو ئەکرێتەوە .

ئێمە هیوامان وایە بایەخێکی باش بدەن بەم مەسەلەیەو ،بە چاوێکی وردو دووربینــەوە سەیری بکەنو ، هەنــگاو لەوەوە هەڵبێننــەوە کــە سوورن لەسەر ئەوە کە زمانو ئەدەبەکەمان گەشە بکــەنو ئەوەی دواڕۆژمان پێش بکەوێ . ئەمەش بەوە ئەبێ کە ئــەم لیژنانەی دانراون هەڵیــان وەشێننەوەو سەرلەنوێ لیژنــە بکەنەوە پێیان لە کەسانێ وا کــە لەبارەی زمانو ئەدەبو زانستی پەروەردە کردنەوە تەواو بــن، چ لەوانەی لەم لیژنانــەی ئێستادا هەنو چ لە کەسانی تر دۆزینەوەی ئەم کەســانەش ئاسانەو ئەوانەی کە خەریکی دانانو وەرگێران ئــــوون ناسراون .

ئەمەی کە ئێمــە داوای ئەکەین لە جەنابتان ئەرکــی یەکەمی سەرشانتانە چونــکە ئێوە نوێنەری ئەو شــۆڕشە ئازادی بەخشەی گەلی کــوردن کە بۆ ڕزگار کردنی گەلەکەمان لە دواکەوتنی سیاســیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشــن بیری بەرپا بووە ..

قەدر زانینو ڕێز لێ گرتنمان پەسەند بفەرموون .

دەستەی بەڕێوەبەری
یەکێتی ی نووسەرانی کــورد

وێنەیەکی بۆ

بارەگای جەنابــــی بارزانی
مەکتەبی سیاسی ی پارتی ی دیموکراتی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی ی گشتی ی خوێندنی کوردی
بەڕێوەبەرایەتی ی گشتی ی ڕۆشن بیری ی کورد
کۆمەڵی ڕۆشن بیــری ی کورد
کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە سلێمانی
یەکێتی ی مامۆستایانی کوردستان
ڕۆژنامەی بــــەرێزی تەئاخــی
ڕۆژنامەی بەرێزی هــاوکاری
هەموو لقەکــانی یــەکیەتی

حکومەتی ڕەگەزپــەرستی خـــواروی ئەفریقا بەردەوامە لە کاری توندو تیژی .

حکومەتی رەگەز پەرستی خواروی ئەفریقا بەردەوامی لــە بەکار هێنیــانی توندو تیژی ناڕەوای دژی هاوولاتیــە ئەفریقایەکان ، وە دەنگو باسی وا ئەگەیەنێ کە لە شــاری پۆرت ئەلیزابیت ـ کە بەشی زۆری رەنگاو رەنگەکان لــەوێ ئەژین ... پولیس کۆمەڵێکی داوەتە بەر گوللە ... چونکە ناڕەزایان دەربری وە بەرامبەر زیاد کردنی نرخی سواربونی ئوتومبیل ئەنیا بۆ رەنگــاو رەنگەکان .

وە خۆپیشــان دەرەکانیش دەستیان لە پولیس کردۆتــەوە ... دوای پولیس ناچار بوە غازی فرمێسك رشتنی بۆ بڵاوە پێ کردنیان . بەکاربێنێ دوای ئەوەی چەند کەسێکیان لێ گرتن .

ئا٠ش٠پ ـ ئا٠ع٠

بەیــــانی وەزارەتی دەرەوەی ڤێتنــامی دیموکراتی دەربارەی هێرشی فرۆکەکانی ئەمریکا .

هانوی شینخوا : وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ڤێتنــامی دیموکراتی بەیانێکی دەرکردوەتیایا هێرشی بردۆتە ســەر ئیمپریالی ئەمریکاو پیلانی نوێی هێرش بردنە سەر کۆمــاری ڤێتنامی دیموکراتی .

وە بەیانەکە ئەڵێ : دەسەڵاتداریەتی نیکسون بەردەوامە لــە کاروباری ناڕەوای دژی کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی بێجگە لــە هەوڵ دانی بۆ فراوان کــردنی شەڕی ناڕەوای لە بەرەکانی هندی چینی دا .

هەروەها بەیانەکــە ئەڵێ :دەسەڵات درایە نیکســون ئەیەوێ پیلانی دەست درێژی سەربازی دژی کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی فراوان تر بکــات گوایە بەوە گەلی ڤێتنــام ئەترسێنێو ناچاری ئەکات بــەمل کەچ کردن ، بەڵام لەراستی دا ئەمە سەر لێ تێك چونە . چونکە گەل سەرووی ڤێتنــام سووورە لە سەر پێشێل کردنی هەموو دەست درێژیــەکی سەربازی نوێی ئــەمریکا وەك ئەوانەی رابوردوی .

غینیا مەترسی هێرشی داگیرکردنێکی کــەی لێ ئەکرێت .

رادیوی کوناکری پایتەختــی غینیا بڵاوی کردەوە کــە سەربازەکانی برتگالو هێزێکی بەکرێ گیراوی ئەڵمانیــای رۆژئاوا ، خۆیان ئامادە کردوە بۆ هێرشێکی نوێی داگیرکاری بۆ سەر غینیا .

وە رادیوکە ووتویە یەکــی لەوانەی ، لە هێرشەکــەی پێشو ترا گیراوەو فەرمانی لــە سێ دارە دانی بەسەرا دراوە، ئەم راستیەی بۆ دەســەڵات داریەتی غینیا ئاشکرا کردوە .

ئەوەی شایانی باسە کۆماری غینیا لە کوتای ساڵی رابوردوا لەلایەن هێزەکانی ئیمپریالزمی برتگالەوە هێرشێکی ناڕەوای بەمەبەستی داگیرکردنی کرایە سەر .

ئاژانسەکانی دەنگو باس
ئا٠د٠ع٠

سوپای ڕزگاری میللی لــە لاووس سەرکەوتنی مــەزن دەست ئەخات .

پکین شینخوای : ئاژانسی دەنگو باسی « خاوسان پاتت لاو » بڵاوی کردوە کە سوپای رزگــاری میللی لــە لاووس بەردەوامە لە بەرپەچ دانــەوەی هێرشی ناڕەوای هێزە بەکــرێ گیراوەکانی سایگون .

وە بەپێی ژماردنی کــە بەتەواوی جێگای باوەڕنیە لــە هەفتەوە بۆ ٢٤ی مــانگی رابوردوو سوپای رزگاری میلل لە لاووس فەوجێکی ٥ بــەتاڵی لە ناو بردوە و زیاتر لــە ٧٠ فرۆکەی دوژمنیان خــستۆتە خوارە وە بێ جگە لە دەست بەسەرا گرتنی چەکێکی زۆر کە لەدوای ئەشــکری هەڵاتوی دوژمن بەجێماوە .

ئافرەتان خۆپیشــان دان ڕێك ئەخــەن لەپێناوی یەکسانیدا

لنــــدن ـ ئا ٠ ئادن :
هەفتەی رابوردو بەهەزاران ئافرەت رژانە شــەقامەکانی ناوچەی وێست ئاند لە لنــدن ... وە بە خۆپیشاندان بــە شەقامەکانا ســـووڕانەوە و هاواریان ئەکرد بە پێویســتی یەکسانی بەینی ژنو پیاو .

وە خواستەکانیان لــــەم بارەیەوە یەکسانی کــرێی ئیش کردنو مــاوە دان بوە بۆ فێر بون .

بێجگەلەو دروشمانەی بەرز کرابونەوە بۆ ئازاد کــردنی ئەنجیلا دیڤیز .

قەشەکان ، سەردان بەبەرگی کورتەوە لە کەنیسەکان قەدەغــە ئەکەن !

پاتراس ـ یونان ـ ئا٠د٠ع :
قەشەکان لە دوو کەنیسەی شاری پاتراسی یونانی قەدەغە یان کردوە ، سەردان کــەرو گەڕۆکەکان بە پانتولی کورت یان کراسی کورتەوە ، منێــــی جوپ ، بچنە کەنیسەوە ..

هەتا ئەم قەدەغە کردنە بۆ ئەنیا ئافرەت نیە ، بەڵکــو پیاویش بە پانتولی کورتەوە قەدەغەیە سەر لە کەنیســە بدات .

٥٤ ٠٠ ٠٠٠ بێ کــار لە ئەمریکا .

ژمارەی بێکارەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەماوەی مانگی شوبات دا گەیشــتوتە پێنج ملیۆنو ٤٠٠ هــەزار بێکارە .

ئەم ژمارەیەش بەرەسمی لە شاری واشتۆن بڵاو کرایەوە، وە بڵاویش کرایەوە کە بەشــی زۆری ئەم بێکارانە لە لاوەکانی ئەمریکان .

کتێبی هاوکاری

ڕاستی بوونی گەلەکانی ئێران و ئەفسانەی م . ماکان

مەسەلەی زمان :

ئەو شی کردنەوەیەی کــە ئاغای ماکان بۆ زمانەکــانی ئێرانی کردووە ، بەڕاســتی جۆرێکی نوێیە لەشی کردنەوە . بەڕای ماکان زمانی (دەری)زمانی (دەری) زمانی هەموو خەڵکی ئێرانە ، چونکە لــەمزمانە وەك زمانی دانیشتوانی ئێران لەڕەوتی مێژوویی دا پەیدابووەو گەشەی کردووە" ئەوەی کە بەلای ماکانەوە گرنگە ئەوواقعەنی یەکە ئێستا هەیە بەڵکو بیرکردنەوەی خۆیایەتی (ذاتی)خۆیو چەند کەسێکی ترە کــە لەوانەوە قســە وەرئــەگرێت . ئەوەی کە منالێکی ئازربایجانی یەکەم جار زمانی فارسی لــەقوتابخانە ئەناسێتو تێ ئەگات کەبە ، سو ، ئەلین ، ئاب ، وەبە ، جورك ، ئەلین ، نان ، ، بەلای ئاغای ماکانــەوە گرنگ نی یە " ئەو ناتوانێت لەوە بگات کە زمانی فارسی بۆ منالێــکی ئازربایجانیو منالێکی کــورد زمانی زگماکی نی یە " ماکــان بەلەڕووی دەری ئالختو رەنگە هێشتا ئەو زاتو ئازایەتی یە لەخۆیانە بینێت ، بەڵام ئەنجامی لێکدانەوەکەی ئەمەیە کە هەموو گەلانی ئێران پێویستە زمانی فارسی بەزمانی زگماکی خۆیان بزانن ، وە لەبەر ئەوەی واقیع بەو جۆرەنی یە ، ئەبێت بۆ ئەومەبەستە هەوڵ بدەن " واتــە پێویستە ئەتەوەکــانی غەیرەفارس لــە ئێراندا بــەزۆر بتوێنەوە " ئێستا ئەگەر ئەوەبخەینەلاوە کە ماکان قسە لــە رۆژهــەڵات ناســـەکانەوەوەرئەگرێت (ئەو رۆژهــەڵات ناسانەی کە لە شوێنیکی تردایە ، پیاوی ئاشکراو نهێنــی دەزگاکانی دەوڵەتــە ئیمپریالیستی یەکانیان دائەنێت، لاپەرە ٣١) کە گوایا هەر زمــانێ کەهاتوتە ئێرانەوە بەزمانی ئێرانی دائەنرێت، واقیع ئەوەیەکە لە فەرهەنگی زمان ناسیندا لە هیچ شوێنێــکیدا زاراوەیزمانی ئێرانی نابینێ " وەهیچ رۆژهــەڵات ناســێکی ناودارزاراوەیەکی وای بەکار ئەهێناوە بە پێچەوانەوە هەموو رۆژهەڵات ناسەکان زمانەکانی ئێــرانی بەکار ئەهێنن کە بەشــێکیزمانەکانی هیندو ئەوروویی یە . (لاروس) لە بەشی هیندو ئێرانی دا کە هەموو زمانەکانی ئێرانیو هینــدی تیایە زمانــە نوێ یەکانی هیندی، سانسکریت پارسی کۆن ، زەند ، فارسیو کوردی ناو ئەبات " (لاروسی بچووك ساڵی ١٩٦٤ لاپــەرە ١٤٤٣) .

زاراوەیەکی ترکە ماکــان بەکاری ئەهێنێت ، نیوە زمانە، ئەم زاراوەیەش ئەنهــا هی خۆیەتی " لەزانستی زمــان ناســیندا زاراوەیــەکی وای تیانی یە " پاشان دیاریش نی یە مەبەستی ئەو لەنیوە زمانچی یەوا دەرئەکەوێت ئاغای ماکــان بەناچاری ئــەم زاراوەیــەی داهێنابێت تائەگــەر بتوانێت زمانەکانی ئازەریو کــوردی بەبەشێك لە لەهجەکانی زمانی فارسی دابنێت ، بەلایــــەنی کەمەوە بتوانێت ناویان بنێت نیوەزمان .

ئاغای ماکان باسی سێ زمان ئەکات کە لەئێراندا هــەیە . یەکێك لەو زمانانە زمانی بلوچە:لەلاپەڕەی ١٣ دا ئەوەی کــە پەیوەندی بەزمانی بلوجــەوەهەیە لە دوو رستەدا ، روون ئەکاتەوە ، وە قسە لەئێــران ناســی سوڤیتی ، پیکولین وەرئەگرێت " بەداخەوە ئاغای ماکان لیرەشدا راستی زانستی لەبیر ئەباتەوەو نووسینەکــەی پیکولــین ئەشیوێنیو هەڵە ئەگێرێتەوە " بەقسەی ماکــان پیکولین وائەلێت ، زمانی بلوچ خاوەنی دوو لەهجەیە کـــە هەردووکیان ژمارەیەکی زۆریان لەووشەکانی ئەتەوەکــانی دراوسێیانەوە وەرگرتووە ... ووشەکانی زمانی فارسی لــە لەهجەی رۆژئاوادا بەجۆرێکــە کە لەهەندێ شوێنی بلوجستانی ئێراندا جیاوازی یەکی هەســت پێ کراوی نی یە لەگەڵ زمــانی فارسی دا " ، بەڵام لەراستی دا پیکولین بەم جۆرەی نووسیبووە، زۆربەی زۆری بلوجەکان چ لە بلوجستانی رۆژئاوا وەچ لــە بلوجستانی رۆژهەڵات بەزمانی خۆیان ، واتە بەزمانی بلــوچ قسە ئەکەن ، کە بەکێتــــکە لەزمانەکانی ئێران " زمــانی بلوچ خاوەنی دوو لەهجەیە کە هەر دووکیان ژمارەیەکی زۆریان لە ووشەکانی ئەتەوەکــانی دراوسێیانەوە وەرگــرتووە ، لەهجەی رۆژهەڵات لەووشەکانی زمانەکانی هندی وەلەهجــەی رۆژئاوا لەووشەکانی زمـــانی فارسی " ، ئاغای ماکان یەکەمین رستەی ئەم قسەیەی بەرالدووە تا بەئاچاری دان بەوەدا ئەنێت کە بلوجەکــان بەزمانی خۆیان واتە بەزمانی بلوچ قسەئەکەن، بەشی یەکەمی رستەی دوایی بشی بەرالدووە تاخۆ تێنەوە ، ئەزانێت کە لەهجەی رۆژهەڵات لە زمانی بلوچدا ژمارەیەکی زۆری لــەووشەکانی زمانی هینــدی وەرگرتووە " پاشان رستــەی ، بەجۆرێکە کەلە هەندێ شوێنی بلوجستانی ئێراندا جیاوازی ـیەکی هەست پێ کراوی نی یــە لەگەڵ زمانی فارســی دا " ،بەوجۆرە نی یە لەجاپی ڕووسی دا لەجاپی ڕووسی دا پاش دوو رستە پیکولین قســـەیەکی تری وەرگرتووە کەلە ســەرەتای سەدەی بیستەمدا بلوجــەکانی ناوچەی سەرسنوور بەزمانێك قسەیان ئەکرد کە ، لەزمــانی فارسی نزیكتر بوو تا زمــانی بلوچ، ئەمەیە شێوەی «زانستی» ئاغای ماکان لە لێکدانەوەی ئەومەسەلانەدا کە بایەخێــکی زیندووی هەیە بۆ ڕاپەڕینــی دژی ئیمپریالیستیوەدیموکراسی لەئێراندا" ئینجا ماکان دەستی داوەتە زمانی ئازربایجــانی . لێرەدا هەر هەمان شــــێوەی ئازانستی پێشوو بەکار ئەهێنێت

بڕوانە : ل ٧

ئەدەب و ژیان

کەلاک و بابۆلە !

نووسینی : ئارت بۆخوالد
وەرگێرانی : زەبیحی

ئەم قسەیە زۆر ووتراوە کە تەرجەمە هەر چەندێ باش کرابێتو چەندەی زەحمەت لەگەڵ کێشرابێ هێشتا جێگای « ئەسل » ناگرێتەوە ، ئەمەش چونکە هەموو زمانێک « کەرەستە »ی خۆی هەیە بۆ « تەعبیر » « نوکتە » و « قسەی ئەستەقی » تایبەتی هەیە بۆ دەربڕینی بیروڕایانەی کە لە

مێشکا « مێروولە » ئەکەن ، جانەگەر هاتوو ئەم کەرەستەو نوکتەو قسەئەستەقانەدەقاودەق تەرجەمە ئەکران ئەوا ئەو ووردە کاری یانەی بەهۆی ئەوانەوە لە « ئەسل » ـەکەدا پەیدا بووە درشتو شاش دەرئەچن ، خۆ ئەگەر وازیشیان لێ هێنرا ئەوەی هاتوتە بەرهەم ئەبێ ناوی لێبنێین «تەرجەمەی مردوو» ..

ئەگەر لەکاری تەرجەمەی نووسراوی نووسەرانی « جدی » گیروگرفتێکی بێتەپێش ، ئاسای نووسەرانی گاڵتەچیو فراوتێز « هجاو »ی وەکوو « ئارت بۆ خوالد » کە نووسینەکانیان پرە لە گاڵتەو نوکتەو رەخنە ، سەدوبەیەک گیروگرفتی لەبەرە ، چونکو لەوانەیە قسەیەک یا نوکتەیەک لەزمانێکدا قاقا

ئینسان بخاتە پێکەنێ یا زۆر زۆر بێ گرێنێو لە زمانێکی ترا بە پێچەوانەی ئەمەبێ .

ئەم پارچە نووسراوەی «ئارت بۆخوالد »م لە رۆژنامەی «کەیهان»ی فارسیدا خوێندەوەو دڵنیام کە « ئەسل » ـەکەی بەزمانی ئینگلیزی تامو بۆنێکی تری هەبووە ، بەڵام تەرجەمە فارسی یەکەشی بەلای منەوە

ئەوەندە باشو خۆش بوو ، هیچ بێ ئەما دەسم دایە قەڵەمە بۆرو ورەم گێرایە سەرزمانەکەی خومان ، ئەوەڵجار خوێندمەوە ، تامی فارسی یەکەی ئەنەدا ، ناچار هێنام لالۆیجێ داودەرمانی « نوکتەو » و « قسەی ئەستەق »و « مەتەڵ »ی کوردەواریم کرد بەسەریاو ئەوەی لێدەرچوو کەوا لە خوارەوە ئەیخوێننەوە کە لە واقعیدا بیری مێشکەو شێوەی نووسینی تایبەتی «بۆخوالد» ـە کە بە کەرەستەی زمانی کوردی شێوەی نووسینی کوردی نووسراوە ، هەر چۆنی بێ تەرجەمەی تەرجەمەیەو «ئاوی » ئاوی گۆشتی کەروێشکە نابێ چاوە روانی تامی گۆشتی کەروێشکی لێ بکرێ .

کەلاکی « بوودجەی فیدراڵ » ئەمەریکا لە ژووری « عملیات » درێژ کرابوو ، دوکتۆرەکان خۆیان ئامادەکردبوو « عەمەلیات »ی بکەن .

دوکتۆرێک ووتی :

– زۆر قەڵەوو خرویرە ، خێرا چەقۆیەکم بدەنێ تا «گللکو یالی » کەمو بیکەمە « تەریکی حیسابی » .

دوکتۆرێکی تر ووتی :

– تۆزێ دەست راگرە بزانین کوێی ئەبڕیو قرێی ئەدەی !

– بەخوا ئەمانە لە «بابۆلە»ی باسکی راستیەوە دەستی پێ بکەم .

– هەی ماڵوێرانی شێتو شوور ، ئەمە باسکی « هێزی چەکدارە » هیچمان لەگەڵا بێناکرێ ، ئەگەر راستیشت ئەوێ ئەم باسکە زور لاوازو بێهێزە ئەبێ شتێکیشی بخەینە سەر .

– ئەی چۆنە لەم خەزوبەزو دووگو کەفەلەیدا دەست پێ بکەین .

– ئەمەشیان بەشی پیاوە سەرزلە وورگنە کانەو ئەگەر شتێکی لێ بیرن ئەندامانی « سەنا » و « کۆنگریس » خوێنیان لەبەر دەروا .

جەڕاحێکی ترووتی :

– نێ ! با ئەمانە خاتری چاوی کاڵ بێ خۆ بۆمان هەیە شتێک لەم قاچەی « ڤێتنام » ببڕین .

گەورەی جەڕاحەکان وەڵامی دایەوە :

– واباشە واز لەم « قاچ »ە بێنین چونکو ئێستاش ببڕین پاشان ناچار ئەبین لەشوێنی خۆی « جووت باڵێ »ی کەینەوە یا زەحمەتی خۆڕایی ئەکێشین .

ئەو جار هەموو دوکتۆرەکان لە دەورەی کەلاکی « بوودجەی فیدراڵ » کۆبوونەوەو « کونسولتە »یان لەسەرکرد ، یەکێکیان ڤیرالدیو ووتی :

– بەگیانی ئاخیرمان ئێمە جەڕاحین، هەردەبێ «جێگایەک»ی بدۆزینەوەو « شتێک » هەر ببڕین .

دوکتۆرێک وەجواب هات :

– ئەڵێن چی « ئێس· ئێس· تی » ببڕین .

گەورەی جەڕاحەکان دەمی کردەوەو فەرمووی :

– ئێوە لەو پیاوانە نین لەگوڵ کاڵتر بە «ئێس· ئێس· تی» بڵێن،هەر ناوێرن پەنجەی بۆ درێژکەنو وەکو خۆی ئەمێنێتەوە .

جەڕاحەکەی پێشوو ووتی :

– ئەمە « ئای · بی· ئێم »ـە بزانن چەند ئاوەساوە ، بەلای منەوە واباشە لێرەدا دەستی پێ بکەین .

دوکتۆرێکی تر وەڵامی دایەوە:

— ئەوە ئەڵێی چی ؟ وائەزانم « لە سەری داوی » ئەگەر شتێک لە « ئای· بی· ئێم » ببڕین وەزارەتی دیفاع « گونە مشکمان لێ ئەکا بە قەیسەرییو بە ئاوانی « تێکدان »و

بڕوانە ل ٧

بەستەی مێژوو

نۆبەرێتێکە لەدوودیمەنی کوردیدا

ئەحمەد ئاڵانە

–١–

ئازەنین : چی بووە ؟ توخوادایێم بڵێ بۆ گزی ؟!
وەک چلی بێ گەڵای پایزی ئاورەزی
کوا بزەت ؟

کاکەمەند : ··· گیانەکەم ،هەروەکوو پارەکە
بەگ لەرێ لێی سەنم··بۆم ئەما پارەکە
چیم لەدەس دێ ئەمن؟!چی ئەڵێی ؟ چی ئەکەی ؟!

ئازەنین : وانە چۆن؟ ئەی بەچی مارەبیم بۆ ئەدەی ؟!

کاکەمەند : ئەی خودا بۆ وەهارەنجەڕۆم ·· رەنجەڕۆ
ئەگبەتم گیانەکەم ، ئازەنین ··

ئازەنین : ···
ئەبیەڕۆ !!

کاکەمەند : رەنجبەری بۆ زەوی دوور ئەکەم ساڵ بەساڵ
هەر تکێ ئارەقەم شینێ ئەکا دەشتو یاڵ
«ئازەنین ئەڕوا ·· کاکەمەند بەردەوامە ··»
جەنجەری ئاوەڵم ، جیپرەجیپر بۆم ئەڵێ
بەستەیەک ، ژینە بـوێرگزێ ·· بۆ گوڵێ
لەم چیا بەرزەدا ·· خۆبەلام ·· داخەکەم
ڕۆژ بەڕۆژ بەرز ئەبێ ،هەڵئەچێ ، ئاخەکەم
« پیاوێکو کچێک بـەپەلە دێن ·· »

پیاوەکە : ئاگرێ بەر بووەخەرمەنی یەوا
دێ هەموو تێک چووە ··

کاکەمەند : ····
دەی خووا ، دەی خووا

پیاوەکە : کاکەمەند !

کچەکە : ··· کاکەمەند بەگ تۆی ئەوێ

کاکەمەند : چی؟ ئەوێ ؟نایەڵێ کەس لەدێ بسرەوێ ؟!

کچەکە : کاکەمەند ، هەڵسەزوو
کاکەمەند «بەخۆی» : ··· بۆی بچم ؟ یا نەچم ؟!

کچەکە : زووکە دەی
کاکەمەند : ···
چی؟ ئەوێ ؟ چی ئەوێ ·· چی کچم؟!

– ٢ –

دلێر : کاکە مەند بۆ سـتە بابێت بڵێم
کاکەمەند : ··· لێـم گەڕێ !

دلێر : دەک دەسی بەدفەڕی بەگ ـخودا ـ هەڵوەرێ
پێم بڵێ ·· کوشتنی ··بۆ، لەسەر چی بووە ؟!
ئەو برا شەنگە ··

کاکەمەند : ··· ئاخ··ئازە بۆ گۆڕ چووە ··
رەنجبەری بۆ بەگی بەدئەکرد ·· ئەو ·· شەوی
ئاگری گوندەکە ·· ئابەیان ئەسرەوی ··
سەرلەوەش بەگ بەشەق لێی ئەداو پێی ئەووت
تۆ لەکوێ نووستبووی·سپلە باب ، سەگ سەگوت
ئێ ·· ئەویش وس ئەبوو ، بۆیە بەگ وەک بەراز
دایە بەر گوللە ··

دلێر : ··· ئاخ ··ئەی برای زور بەناز
باشە چار ؟

کاکەمەند : ··· تـۆلە ··

دلێر : ··· چۆن ؟

کاکەمەند : ··· کوشتنی بەگ

دلێر : ··· ئەکرێ !!
هەر ئەبێ رێگەیەک

کاکەمەند : ·· ·چۆ، ئەری کاک دلێر ؟!

دلێر : بەگ ئەبێ ، سەد هەزاربەگ لەجێی ئەوهەیە
بۆ هەزار ، بۆ منو تـۆوەیەو هەر وەیە !!
گەر هەزار خاوەنی چارەسەر کردنی
خۆی ئەبێ ·· بەندەیەو بەندە ئامردنی ··

جەژنی لەدایک بوون

جەمال نەوی

ئاودامانـی فریشتەی ··هیوا ·· شۆخە
دەبا ·· چەپکە گوڵی··دەستی ··
جەنگاوەری ·· خۆشەویستی ··
بخەینە سەر ··
گۆڕی ئەو شەهیدەی ··تا سەر
لە سەنگەرا بوو ·· ئـەجەنگا ··
لە بەردەم لوولـەی ··تفەنگا ··
تا گوللەی تیژی ·· داگیرکەر ··
لەسەر سـنگیەوە ··هاتە دەر ··
خوێنی گەشی دڵـی ··هاوڕێ ··
چۆن ئەبێ بە فێـرۆ بڕوێ ؟!
ژانی ئەو گوللەیەی ··چێشتی ··
ئەو مەچەکەی ·· کـەوا·· کوشتی
دڵم گەڵێ بـێ قـەرارە ··
بۆ ·· تۆڵە ·· لـەو ··ئاوانبارە !
تۆڵەی خوێنی ڕژاوی··یـار
گوڵی هەلوەریـوی ··بەهار ··
مەلی سەر بڕاوی ··هەزار !
با بسێنین ·· لـە ··ئاوانبار !
دوژمنی کەرو لاڵـی ··ژین ··
با بە کێردی تیژ ·· سەربڕین !
مەلی ووشەی ·· خۆشوبە تام ··
با بێتە ·· لام
بەهاری پـڕ ئاوازەیجوان ··
با دەورە بات ·· لـەکوردستان
با چاوی گەشاوەی ··بەیان
تێر بچریونێ ·· بـۆ·· ژیان
با دڵی سـەوزی ··دارستان
وورشەدارکا ·· بەستەکەمان
زەنگی بێ دەنگی ·· پەرستگا ··
بە ئاشکرا ·· با ·· لێبـدا !!
شەونم باری ·· ئەمە ··ئەمە .
جەژنی لە دایک بـوونمە !
بۆیـە دیاری پێشکەش··ئەکەم ··
بە ·· کوردستـانە ··شەنگەکەم
بۆیە ·· ئەمبینی ·· بێپەروا ··
گۆرانی ئەڵێم ·· هی··هیـوا !
بۆیە ·· ئەمبینی ·· ڕووم گەشە
وەکو ·· دەروونم ··بێخەشە !

ئەی داگیرکەر ··
ویژدان مردووی لە خشتە بـەر ··
لـە دوای ·· دە ··ساڵ
تازە چرۆی گوڵاڵـەیئاڵ ··
لەگەرووت ·· دەردێنرێتەوە
بە بای ئـاوات ·· ئـەژێتەوە !
پاش دە ·· سـاڵی ··کوێرەوەری ··
وا بازووی ئاوانت ··وەری !
بۆیە چـاوی هیـوایژینم ··
ئەمرۆ ·· وورشەدار ··ئەبینم
پێش ·· دە ·· ساڵ··گەلە گورگی هار ··
تێم وروو کا ·· بەسـەد··! هەزار ··!
دەریاچـەی ڕژاوی ··خوێنم ··
ئەی هێشت ·· ژیان··بدۆزێنم ؟!
بۆیە لە پـاش ·· ئاسۆر و ژان ··
گۆرانی ئەڵێم ·· بۆ ··ژیـان
ئەی ووشەی ·· بەندی·· ناو گەروو ··
بەیان ··ی نۆێ ·· لـەدایک بوو
دوو چاوی ئاواتـی ··گەشی ··!
بەهارێکی بە کـورد ··بەخشی ··
ئاودامانی سەوزی تۆخەوەک فریشتەی

نووسەری کورد

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد
ژمارەی یەکەم کـەوتە بازارەوە
ووتارو کەرەستەکانی ئـەمژمارەیە :
ئاکام ـ گیروگرفتی کتێب بوخوێندن ·
دەستەی نووسەران ـ هونەرو ئیستێتیکا ·
کەریم شارەزا ـ ئارمـانی شاعیریەتی حاجی قادری کۆیی·
هەژار ـ لەدەمی ئەمەتگا ·
ئەحمەد غەفوور ـ شـانۆو نەتەوەی کورد ·
جەمـال نووری ـ بووکوزاوا ·
دوکتۆر مارف خەزنەدار ـ سێ غەزەلی بڵاونەکراوە ·
حوسـێن عارف ـ دووی کردەوە شاخ ·
س· ن ـ ئازانین ئەمە بۆکێ ئەکەن ·
دوکتۆر ئیحسـان فوئاد ـشەقامی جامبازان ·
محەمەدی مەلا کەریم ـ دووووشەی هێمن ·
گەلێ باسو کەرەستەی تر لەبابەت کۆنگرەی یەکـەمی یەکێتییەوە ···

کۆڕێکی ڕۆشنبیری لە هەولێر

یەکێتیی نووسەرانی کوردلقی هەولێر رۆژی ٥ـ٣ـ١٩٧١ لە کتێبخانەی گشتی کۆڕێکی ڕۆشنبیریی لە ژێر دروشمی (کوردو مێژوو نامەکـانو کوردایەتی)دا پێک هێنا ·

لەم کۆڕەدا مامۆستا محەمەدحسێن مەنگوری باسێکی بەکەڵکی دەربارەی کـوردپێشکەش کرد · وە مامۆستا حسێن رەشوانیو مامۆسـتابەدرخان سندی بەشداری یان کرد لە وەڵام دانەوەی پرسیاری بەشدار بووانا ·

لەوەی شایانی باسە ئەمەیەکەم جارە کۆڕێکی لـەم جەشنە لەهەولێردا پێبەستریێت · ئومێدەوارین لەو بابەتە کۆڕانە پتر بهێنـرێو زیاتـر بزووتنەوەی ڕۆشنبیریو ئەدەبی لە هەولێردا بەرەوپێشبچێ ·

هەموو بەیانییەک ··

تەنها رۆژانی هەینیو پشووەکان نەبێت ، لەو شوێنـەدا کۆئەبوونەوە ·· لەپێشـا یەکێک یادوواییان پێـکەوەئەهاتنو ئینجا ئەوانی تریش وەکو چۆن پەرەسێلکە ئاکە لەسەر تەلێک ئەنیشنەوەوریزئەبن · یەکیان ئەگرتـەوەوبەدەم وورده قسەو باسـەوە چاویان ئەبریە ئەوسـەری شەقامەکەو یەکێکیان خـۆی ئامادەئەکرد بۆ راگرتنی تیکابێک یان گەڵابەیەک کەبەرەوقەراغ شار بڕوات ، چونـکەئوتومبیلێکی تایبەتی یان نەبوو وەکو ئێمە بیبان باتو بیـان هێنێتەوە ·· زورجار دەسـت راگرتنەکەیان بەهیچ ئەچوو ، وەکو شوفێرەکان بیان ئاسنوبە تەفەری لاتیان بزانن ··

– هەر ئاوەستێ ·· بزانێ بۆ کوێ مل ئەشکێنین ·

– کورینە ·· وابزانم ئەمرۆ دوا ئەکەوین ··

– جا گوناهمان چییە کـە ئوتومبیل نەبێت !·

– ئیمە ئەگەر قسەمان پەڵ بکەین ، کەس ناتـوانێ لەعاستمانا بڵێ ·· ئەڵ خـۆ هەر پێنجمان دەرناکەن !!

– هەی هەی ئەڵێی ئیـش لەبەردەستی قونتەرات چییـە ناشی یەکانا ئەکەیت !·· ئەمە ئیشی میریـیە ·· میری ··بۆ دەقیقەیەک لەیاوکی خـۆش نابێت ··

ترسی دواکەوتن لەدڵیانەوە ئەکەیشتە سەرزاریانو هەموو بەیانیـیەک وەکو لیدانـەوەی فەوانێکی کون ئەم جـورە قسانەیان ئەکرد ·· ئاخەفیان نیە دواکەوتن : مانای دەرکردنو نانبڕان بوو بو ئەوان ·

شوڕو شەرواڵێکی کورتو بۆزی شـینی لەبـەرابوو ، ئانزیکتر ئەبووەوە زیاتـر جرچو لۆچو پینە قەبەکـانی دەرئەکەوتن ، بەڵام پـاکو خاوێن وەکو تازە لەبوخچە هێنرابێتیەدەرەوەو لەبێ کرابێت ·· چووە ئەولامەوەو پاڵیدا بەدیوارەکەوە ·

ڕەشو ڕووت نانبڕاو بێت ·· کیجێکت لێ ئەکەن بەکایـەک بەبیانووی ئەوەی دەرت بکەن ·

– ئەڵێی چی ؟ چارنیە ··

ئەگەر سەری خومان کەڵـەلا ئەگرین ئەبێ لەجیاتی ئـەم شوێنە ، هەموو بەیانیـیەک مەیانەکە جێگای چاوەڕوانیمان بێت ، ئەبێ خەریکی چلم هەڵ لووشینی بین ئاوەستانەیەک ئەڵێ پێشم کەوە ·· ئەوەش لـەم وەرزی زستانەدا کەم ڕێـک ئەکەوێت ··

پێنجەمیان کەدەسـتە دەماراوی یەکانیو پەنجـە ئەستوورە شەقارشە قارەکانی وای پیشان ئەدا کە دەمێکە قالبووی پیشەیەکو ئەڵێی هەر بۆکرێکاریی هاتووەتـە جیهانەوە ، کەکەیشتە لایان لەم قسانە بوونبوونەوە ، وەکـو چاوەڕوانی دەمو پیلانی ئەمبێ، بەگەرمییەوە خێرا سڵاوەکەیان سەندەوەو خۆش هاتنیـان کردو بێدەنگ بوونـەوە ·· ئەمیش سەیرێکی هاوەڵە ئازار دراوە رووشکین گراوە مـرو مۆجەکەی کردو بەگەرمییـەوە ووتی :

– کورینـە ·· ئەبوایـە لەسەر (عەول) هەڵان بدایەتیو پشتگیریمان بکردایە ، چونکە ئەو لەجیاتی هەمووەمان قسەی کردو دەم راستمان بوو ·· ئەم جارەیان ناوابێ ·· بەڵامئەگەر جارێکی تر ئاهەقیی وا بـەلە عەول لەگەڵ هەرکامێکمان کرا، بەش بەحاڵی خـۆمـووی پیاوەتیم لێئەڕوابێ ، ئەگـەر لەسەری هـەڵنـەدەمێ ، جش نانبڕاو ئەبم بابیم ·· قیروسیا

بەیانییەکی تر ···

بەمەڵەداوان شەقاوم ئەنا بەرەو پەسارەکەو لەوبڕوایەدا بووم ئاتەکەم مامۆستاکانـی هاوەڵم بەجێم ئەهێڵـن تـا ئوتومبیلێکی ترم دەسـت ئەکەوێ دوائەکەوم ، کاتـژمێر حەوتو بیست خولەکبوو ·· لەماندوویەتی یا هەناسـەی هەڵماوی وەکو هەڵم کێشـی لوتووە هەڵمی یەکان لەلـووتو دەمەوە دەرئەچوو لەهەوادا بڵاو ئەبووەوە · کرێکارەکـان چواریان لەوێ خڕبوونـەوە لەقەراغ شۆستەکە وەستابوون لام سەیر ئەبوو کە هێشـتا ئەڕویشتبوون ، چونـکە زور جـاری تر لەبەر بێئوتومبیـلی بەو جۆرە دوائەکەوتن ··ئەوان بە پەرووشتر چاوم بڕیبـووە ئەوسەری شەقامەکە ··یەکێک لە کرێکارەکان ووتی :

بڕوانە ل ٧

چیرۆکی ژمارە

لەگەڵ کرێکارانا ... چاوەڕوانی

نووسینی : م· ئارام

دوورەم کرێکارم ئەبینی تا سڵاوی لەیەکەم کردو کەوتنە قسەکردن ، چونکە لە کۆڵانـەکەی پشتمـەوە هاتبـوو · سێ یەمیان ، باڵابەرزێکـی ڕەقەڵەبوو جامانەیەکی کۆنی پێچابوو لەسەرو ملیەوە تـا کونە لووتـی شاردبووەوە، چەکوزێکی گەورەی لەبـێ هەنگڵدا بوو ، کـرێی ئانەبەرەکەی پشتی خەریک بوو ئەکرایەوە · چوارەمیـان، ئەختێک مرو مۆچو خەفەتبـار دەرئەکەوت وەکو بابۆڕەکـەی بێسەرو شوێن بێت ، قاچێکی لەلێواری شۆستەکە گیربوو بەشەرمنەقی خۆی بە کۆڵەکەی پەسارەکە گرتەوە ، باش ئاوێک قسەکردن بەگفتو لفتیانا بـوم دەرکەوت کەدوێنێ چاودێری ئیشەکەیان لێیتوورە بووەو قسەی بێووتووە ، قسـەش وەکو کوڵلەکاریکەرە،کەرانەوەو سارێژبوونەوەی بۆ نیە !·

– هیچ منی نەکوشتووە ئەو چاودێرە بەلەبارییکە شەرم بەرم بێژە ئەبێت !·· وائەزانـێ بەسەر پیاوا ، ئەڵێی بەرلـەوە بەری شارەوانییە ·· نازانـم ئەم ئینجەو فینجەیـەی لەچییە ؟!··

– کاکی خۆم ·· ئەوانـە خەمی ئەوەیان نیە ، خیزانیکی

بەیانی یەکـیان ··

وام هەست ئەکرد لەڕۆژان زووتر هاتوومەتـە دەرەوە ، هێشتا گلوپەکانی سەر ئـەو شەقامە سەرەگێیە بەسـەر دار تەلەکتریکەکانەوە خەریکی پرشنگدان بوون وەکـو کردبووم بەبێشە لەژێـر پەسارەکەدا وەستام ، چونـکە بووبووم بەهاوەڵێکی بێدەنگی کرێکارەکان ، هەستو ئەستم بەلای ئەواندا لارەسەنگ بوو، وام هەست ئەکرد منیـش کرێکارێکم وەکـو ئـەوان ، ئەرکێکی رۆژانـەی گەورەم لەسەرشانەو ئەبێ بەرێکو پێکی بەئەنجامی بگەیـەنم· هێشتا کەسیان ئەهاتبـوون بۆیە بەتەواوی دڵنیابووم کـە کات زمێرەکەم ئەخـۆش کەوتووە · گلوپەکان خەریـک بوون لووتیان ئەچزا بـەو راستییەدا کەناتوانن لەبـەر مەزلیی و خۆردا خۆیان رابگرن دەستیان کرد بە خۆ خواردنەوەو لەپێش خۆر هەڵاتنا بەشەرمە زارییەوە بەرێز کوژانەوە ·

یەکەم کرێکار لەکۆلانەکەی بەرامبەرمەوە دەرکـەوت ، چاکەتێـکی بـۆزی

ژمارە : ٩
١٣ای مارت ١٩٧١

ئافرەتانی کوردستان لە ١١ ی ئازاری پیرۆز ئەدوێن

دان نان بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان

ئاسۆیەکی رووناکی لە بەردەم گەلی کوردا کردەوە .

خوشکە زەکیە

خوشکە پەیمان

خوشکە سوهام

خوشکە فوزیە

خوشکە زهرە

بەبۆنەی بیرەوەری یەکەمی دەرچونی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویەوە ، بەعەلان زانی کە ئەم گفتوگۆیە لەگەل ئافرەتانی کوردستاندا بکەین .. وە لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بەغدا چاومان کەوت بەچەند خوشکێك .. کە وتینە پرسیار کردن یەکەم جار لەگەل خوشکە (زکیە اسماعیل حقی) سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان . وە خوشکی تێکۆشەر سەبارەت بە بەیانی مێژووی ١١ی ئازار ووتی :

● ئافرەت .. وەك دایك هێزی ژیانە بۆ خێرو ئاشتی و هێزی ژیاندنی ئەو خێرو ئاشتیە لەژیانی گەلدا ئەدات بە رۆڵەکانی ، لەگەل ئەوەشا ئافرەت .. هەروەك دایك حەز ناکات جگەر گۆشەکەی قوربانی ئەدات لە رێی سەربەستی و ئازادیدا .. ئەمەش باوەڕی ئافرەتانی کوردستانە ، لە ساڵانی شەڕی براکوژیا ئافرەت لە قوڵای دڵیەوە هەستی ئەکرد کە شەڕی براکوژی تەنیا دوژمنی هەر دوو گەلی کوردو عەرەب سوودی لێ وەر ئەگرێ ، بەڵام بەدا هاتنی ١١ی ئازارو دەرچونی بەیانی مێژوی دوای هێنانی باری نا ئاسای لە کوردستانی عێراقدا بە وریای توانی دوای بەو خوێن ڕشتنە بێنێ ..

هەروەها خوشکە زکیە ووتی بەیانی ١١ی ئازاری مێژووی بنەرەتی دانا بۆ یەکێتی نیشتمانی لە عێراقدا . وە دانان بە مافە رەواکانی نەتەوەی کوردا بە ئۆتۆنۆمیەوەو بەشداربونی لە لێ پرسینەوەی بەڕێوەبردنی وولاتدا ئاسۆیەکی نوێی فراوانی لە بەردەم گەلی کوردا کردەوە .

وە ئەمڕۆ کە یادی یەکەمی ١١ی ئازار لەکەینەوە هیوا دارین بە ردەوام ئاشتی و ئاسایش لە وولاتا جێ گیر بێ تا هەموو گەلی عێراق بەشداری بەڕاستی بکات لە خەباتی بنیات نان و ئاوەدانی و چوون بەرەو پاشە رۆژێکی باشتر .

دیسان خوشکە زکیە ئەوەی باس کرد کە بەهۆی بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویەوە ماوە فراوان بو بۆ ئەوەی هەموو توانایەك بۆ ئاوەدانی تەرخان بکرێ لە رووی بەرە پێدانی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕامیاسیشەوە وە بەلای گەلیش کردەوە ماوەی بۆ فراوان بو بەڕاستی بتوانی بەشداری ژیانی ڕاستەقینەی نەتەوەی عەرەبی برای بێنێ بۆ رزگاری فەلەستین .

● وە خوشکە (پەیمان) سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لقی بەغدا سەبارەت بە بیرەوەری بەیانی ١١ی ئازارو ٨ی ئازار رۆژی ئافرەتی جیهان دوا .. وە سەبارەت بە بیرەوەری بەیانی مێژووی ووتی :

دوای ئەوە لەخوازین کە هەموو بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازار جێ بەجێ بکرێن و ئەمونی هەمیشە لەووڵاتا جێ گیربێ و هەموو ساڵی بە سەرکەوتنی زیاتری هەردوو گەلی کوردو عەرەبەوە تا توانامان بەخت کرێ بۆ ئاوەدانی و بنیات نان ، وە سەبارەت بە یادی ٨ی ئازار رۆژی ئافرەتانی جیهان ووتی : ئەم یادە بەلای هەموو ئافرەتانی جیهانەوە پیرۆزە چونکە یادی سەرکەوتنی ئافرەتانی جیهانە لە سەندنی مافەکانی خویا .

● دوای ئەوە چاومان کەوت بە خوشکە (زهرە مراد) کە دەربارەی بیرەوەری بەیانی ١١ی ئازاری مێژووی ووتی :

ئێمە ئافرەتانی کورد لە دوای ئەم بەیانە مێژوویە ماوەمان بۆ فراوان بو کە ئەرکی سەرشانی خۆمان وەك ئیوەی دووەمی کۆمەل جێبەجێ بکەین وە هیوای ئەوەی خواست ئاوات و خواستی هەموو گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە وە بە سەرکردایەتی هەردوو پارتی پێشڕەو بەدی بێت . وە لە یادی ٨ی ئازار رۆژی ئافرەتانی جیهانیش دوا و ووتی : وەك ئافرەتێکی روشنبیری کورد شادمانم بە رۆژی ئافرەتانی جیهان .

● وە خوشکە (سوهام ئیبراهیم) سکرتیرەی لقی بەغدا سەبارەت بیرەوەری ١١ی ئازاری پیرۆز ووتی :-

ئەم رۆژە سەرکەوتنی دەسەڵاتی نەتەوەی کوردە بە وەرگرتنی مافە رەواکانی خوی ، ئەمڕۆش کە ساڵێ رابورد بەسەر ئەو یادە پیرۆزەدا ئەوەی لە دەسەڵات داریەتی نیشتمانی ئەخوازین خێرای کردنە لە جێبەجێ کردنی بەندەکانی تری بەیانی ١١ی ئازاری مێژوی . وە لە ڕووی یادی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانەوە خوشکە سوهام ووتی : ئەو ڕۆژە لەلای ئافرەتی کوردیش پیرۆزە چونکە ئێمەش بەشێکین لە ئافرەتانی ئازاد خوای جیهان کە بۆ پاشە ڕۆژی باشتر خەبات ئەکەین .

● دوای چاومان کەوت بە خوشکە (فوزیە مراد) بیرو ڕای خوی بەبۆنەی یادی یەکەمی بەیانی ١١ی ئازارەوە دەربری و ووتی :

١١ ئازار لەدایك بوی خەباتی سەختی گەلی کوردە و ئەم یادە لای هەموومان پیرۆزە ، بەشی خوی لە بەرهەمی ئەم بەیانەوە وەرگرت لە پێشەوەی ڕیگا دان بو بەیەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەربەستی کار بکات .

لەمەو ئافرەتانی کوردستان بەشداری ئەو میرە جەماهیریە گەورەیان کرد لە بەغدا بەم بۆنە پیرۆزەوە کرا دیسان لەڕۆژی هەینی دا دیاریان دا بەش کرد بەسەر خێزانی شەهیدەکانی کوردستاندا .

یەکێتی ی ماموستایانی کوردستان لە بەردەم چەند پرسیارێکا !

هیچ گومان و دوودلی لەوەڕاستی یەدا نەماوە کە بوونی یەکیەتی ماموستایانی کوردستان وەك دەزگایەکی روشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی یەکێکە لە دەسکەوتە هەرە زلەکانی ماموستای کوردی خەباتگەرو سەرجەمی میللەتی کوردمان لە کونجی ئەو دەورە زلە مێژوویی یەی کە ئەم دەزگا دەس بالایە ئەیگێرێ لە ژیانی کۆمەلایەتیمان - بەتایبەتی - لەم قۆناغە تەسك و تەنگەبەرو پرشوود وگۆڕان و بەربەرەکانی و پێشکەوتن دا لە پێناو چەسپاندنی قەوارەی کوردستان کوردایەتی و شۆڕشگێرو ڕابەریو لە چوارچێوەی عیراقی ئازیزو برایەتی میللەتی ئاداری پیرۆز کالایەکی تری بەبالای ئەم دەزگایەدا کێشا و ئەمرۆ بەئەو بەری سەربەستی یەوە کەوتوتە جوستو چالاکی کوردانەی بێ ووچانی و رۆژ دوای رۆژ راستی خۆی بەسەر رۆژگارا ئەسەپێنێ .. ئەم دەزگا بەنرخە لەمانگی مایسی ١٩٦٢ دا یەکەمین کۆنگرەی بەستراو هەر لەهەوەل رۆژەوەش بڕیاری ئەوەی دا کە پێویستە یەکیەتی بە هەموو هێزو توانایەکی خۆی پشتگیری خەباتی عادیلانەی نەتەوەی کورد بکاو ئازایانەش لەشۆڕشی جەکدارانەی گەلە قارەمانەکەمان بەشدار بێ .. بەشدار بو وەمو بەری لە خۆبوردن و شانازی یەوە دەیەها قوربانی جەشن جەشنی لەم پێناوەدا کرد بەگاوگەردونی کوردایەتی سەرفیراز کونگرەی دوهەمیشی هەر بەر لەبەیانامەی یانزەی ئادار لە شاری کەرکووکی خەباتکەرا گیرا ، تا یانزەی ئاداری پیرۆزیش یەکیەتی ماموستایان هەر کۆلی نەداو مەیدانی خەباتی چول نەکرد .. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٠ شدا کونگرەی سێهەمی خۆی گرتو بەپێی رۆژگاری نوێ وبوونی بەرەسمی دەسکارییەکی زۆری لە پەیرەوو پرۆگرامی ناوەخۆ کردو سەر کردایەتی یەکی لێوەشاوەو هوشیارشی هەلبژارد کە شایانی هەلگرتنی باری مەسئولیەت بن . لەبەر جەندەها سەبەب زۆر بە پێویستمان زانی - بەتایبەتی لەم رۆژگارەدا - دەروازەی گفتوگۆیەکی ئازادانە لەگەل سەرکردایەتی ئەم یەکیەتی یە بکەینەوە گفتوگۆیەکی ئازادانە لەگەل سەرکردایەتی . ئەم یەکیەتی یە بکەینەوە بۆ وەلامدانەوەی چەند پرسیارێکی گورجو قوول روبەرویان ئەبێت

عزیز اسماعیل شوان

وبێ وەلام ماونەتەوە بۆ ئەم مەبەستەش لەگەل (ماموستای خەباتکەرو ناسراو عزیز اسماعیل شوان) (جێگری یەکەمی سەرۆکی یەکیەتی ماموستایانی کوردستان) کۆبوینەوە .. دیارە لێرەدا ئەبێ ئەوە لەبیر نەچێ کە زۆر هەولمان‌دا چاومان بە سەرۆکی یەکیەتی و گشت ئەندامانی سکرتاریەت بکەوێ بۆ گرتنەوەی ئەم ریپۆرتاژە .. بەلام - مخابن - هیچ کامێکیان لە شاری بەغدادا نەبوونو سەرجەمیان لە کوردستانان .. ئەمەش پوختەی پرسیاری هاوکاری و وەلامەکانی ماموستا عزیز شوانە :

پ یەکەم :

- بەرای ئێوە - ئەو دەورەی کە یەکیەتی ماموستایان ئەیگێرێت لە عملیەی گۆڕین و پێش‌خستن و خەملاندنی کۆمەلگەی کورد چۆن دەس نیشان ئەکەن ؟

وەلام :

بێگوما نیەکێك لە ئامانجە هەرە پیرۆزو گرنگەکانی یەکیەتی یەکەمان پێش‌خستن و خەملاندنی کۆمەلگەی کوردە . لەم پێناوەدا یەکیەتیمان شۆڕشێکی گەورەی لەدژی ئەو نەخۆشیانە بەرپا کردوە کە گەل لەبەلوپۆ دەخەن ومەودای چ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی نادەن کە شایانی شانازی بێت مانەندی : نەخوێندەواری و نەریتەکانی هۆزایەتی و تایفەگەری و ئەو بیرو باوەڕە جەوت و چەوێلانەی کە زیان بەگەل دەگەیەنن . بەلام لەوانەش گرنگترو کاریگەرتر کە دەبێ بە بنچینەو بەردی بناغەی هەموو پێشکەوتنێکو گۆڕینێك لەم قوناغەدا ، بەلە

گردنە لە جێبەجێ کردنی رێکەوتنەکەی ١١ی ئاداری مێژوویی ولەپاشا وەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان .

پ دووهەم :

باشترین چارەسەرێك بۆ لەخت کردنی گیروگرفتەکانی (ماموستا)ی کورد چین ؟

وەلام :

لەوانەیە ماموستای کورد گیروگرفتی لە ماموستای عەرەب زیاتر بێت .. چونکە هی یەکەمیان لە کوردستان دەژی کوردستانیش دەستی تێکدان و وێرانکاری بەدرێژایی دەسالی رەبەق بۆ درێژ کراوە . زۆربەی قوتابخانەی دێهاتەکان ئێستاکە کەلکی خوێندنیان تیا نییە .. ماموستای کورد ناچار بوە کە لەبەشی خۆی زیاتر دەرز بلێتەوە لەو برۆگرام و بەرنامانەی کە دانراون بۆ قوتابخانەکان بێگومان زۆری بەدلی ئەو نیە . لە زۆر شوێنا بەزمانی خۆی دەرز نالێتەوە ، چونکە کوردی تیایە تا ئێستا جێگیر نەبوە .. جگە لە زۆرەها گیروگرفتی وەك گوزەرانی ژیان بەتایبەتی لەگوندەکانی کوردستان وئەو تەگەرانە کە هەموو ماموستایەکی کورد دەرکی پێ کردوە .

پ سێهەم :

پەیوەندی یەکانی نێوان ئێوەو رێکخراوی ماموستایانی عیراق لەچ بارێك دایەو لەسەر چ بنچینەیەك دورست کراوە ؟

وەلام :

لەوانەیە بەرێزتان ئاگادار بێت کەیەکیەتی ماموستایانی کوردستان لەخولی دوەمی کونگرەی هەشتەمی نەقابەی ماموستایانی عیراق بەشدار نەبوە ، لەکاتی خۆی هۆیەکانی - مقاطعەکە - لەرۆژنامەی - التاخی - ئازیزا بلاوکرانەوە وە وا بزانم ماموستایانی کورد بەگشتی ئەم هەلوێستەی یەکیەتی یان بەبێ دودلی پەسەند کردوە ، ئەگەر چی ئێستاکە یەکیەتی ماموستایانی کوردستان بە شێوەیەکی رەسمی لە شارەکانی (هەولێرو سولەیمانی ودهۆك) لقی پێك هێناوە وکەوتوتە جموجۆل وئیش کردنەوە بەلام هەتا دان نەنرێ بەلقەکانی یەکیەتیمان لە (کەرکوك و نەینەوا دیالە) کار هەروا ئەڕوات ! بەلام لەسەر ئەوەش ئێمە لەم باوەڕەدەین کە هەردوو پارتە

پێشڕەوەکەی عیراق - بەعسی عەرەبی سوسیالیست بە سەرۆکایەتی خەباتگێر احمد حسن بەکرو پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر کردایەتی قارەمان مستەفا بارزانی ئەم گیروگرفتەو عەرەح

بروانە : ل ٧

لەگەل دوو قوتابخانەی ئامادەیی کوردی دا لە کەرکوك

ئامادە کردنی : عبدالسلام‌محمد
- کەرکووك -

پاش ئەوەی بەیاننامەی یازدەی مارت دەری بری کە قوتابی کورد پێویستە بە کوردی بخوێنێ وە بۆ ئەم مەبەستەش دوو قوتابخانەی ئامادەیی کوردی لە شاری کەرکوکی خۆشەویستا کردەوە ئەمەش هەستێکی دلسۆزانەیە بەرامبەر میللەتی کورد چونکە تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی دواکەوتنی وێژەو روشن‌بیری کورد لە شاری کەرکووکا ئەگەرێتەوە سەر ئەوەی کە قوتابی کورد بە زوبانی خۆی نەی خوێندوە بۆیە ئەم هەنگاوەی میری چاوەڕوانی باشە رۆژێکی سەرکەوتووی لێ ئەکرێ بۆ بلاوبوونەوەی زانیاری و روشن‌بیری کورد لەم شارە خۆشەویستەماندا .

جا بە پێویستمان زانی لەگەل بەڕێوەبەری هەردوو قوتابخانەکەدا بدوێین و بیخەینە پێش‌چاو خوێندەوارانی خۆشەویستمان .

پێشەکی چووینە لای ماموستا « صالح ناصح ناەق » (جێگری « بەڕێوەبەری) قوتابخانەی ئامادەیی ئیمام قاسم وە چەن پرسیارێکمان لێ کرد کە زۆر بە دلسوزانە وەلامی داینەوە :

پرسیار : وەکوو ئەی زانین کە ئامادەیی ئیمام قاسم ئەمسال دامەزراوە .. وە قوتابیانی کورد لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ کردوە . جا بەڕێزتان تا چ رادەیەك هەست بە گۆڕانی قوتابخانەکە ئەکەن لە چاو سالانی پێشوودا ؟...

وەلام : بەڕاستی ئەمسال کە بەڕێوەبەرایەتی ئەم قوتابخانەیەمان وەرگرت بە پێویستمان زانی هەموو توانای خۆمان بخەینە کار بۆ بەرز کردنەوەی ناوی قوتابخانەکەو بیکەینە نموونە یەك کار بۆ بەرز کردنەوەی ناوی قوتابخانەکەو بیکەینە نموونەیەك لەناو قوتابخانەکانی کوردستانا .. ئەوەتانێ بە هەر بچربچرێك بوو توانیمان چەند ماموستایەکی کورد لە لایەکەوە پەیدا بکەین بۆ ئەوەی بتوانین دەری بڕین کە ئەو پرۆپاگەندانەی دەربارەی قوتابخانەکە بلاو کرابوەوە دابپۆشین ، ئەوەتانێ ئێستا قوتابخانەکەمان بۆتە مەشخەلێك لەناو جەرگەی کوردستانا کە هەرگیز کوژانەوەی بۆ نییە !!..

پرسیار : بە رای ئێوە چی ئەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان قوتابی و ماموستا ؟!..

وەلام : لەلایەن ئەم پرسیارەوە ئەتوانین بلێین کە ماموستا هەردەم ئەبێ بە چاوی رێزگرتن و خۆشەویستی یەوە سەیری قوتابی بکات کە ئەمێتە رۆلەی داهاتوو ، وە قوتابیش ئەبێ چاك بزانێ کە ماموستا ئەو کەسەیە هەموو توانای خۆی دێنێتە کار بۆ فێرکردنی قوتابی !!.

پرسیار : قوتابیانی (ئیمام قاسم)تان چۆن دێتە پێش‌چاو لە جارەی رەوشت و زیرەکی یەوە ؟!..

وەلام : لەلایەن رەوشت و خوێندنی قوتابیانمانەوە بە سەربەرزی یەوە ئەتوانین بلێین کەوا بوونەتە نموونە یەك بۆ قوتابیانی تر وە ئێمە لەم شارە خۆشەویستەمانا شانازی یان پێوە ئەکەین لەناو قوتابخانەکانی ترا بەڕاستی قوتابیانمان دوا پلەی زیرەکی و چالاکی خۆیان نواندووە .

پرسیار : هەست بە هیچ جولانەوەیەکی وێژەیی یا هونەری لەلایەن قوتابیانەوە ئەکەن ؟ وەکوو چی ؟..

وەلام : لەکاتی پێشوودانا بڕبوونی کتێبخانەی قوتابخانە کە لە قوتابی جوانترین بەلگەیە بۆ ئەوەی کە قوتابیانمان هەستێکی ئەدەبی یان هەیە وە هەروەها ئەو نەشرانەی کە کە دەریان کردوەو پێك هێنانی لیژنەی ئەدەبی و تیپێکی تەمسیلیمان هەیە کە بەم زوانە چەند چیرۆکێك پێشکەش ئەکەن بەلام لەلایەن ئیکارەوە ئەوە ئومێدەوارین لە پێشانگای ئەمسالدا بە یەکەم دەرچین جگە لەوەی کە لە بارەی (وەرزش)ەوە قوتابخانەکەمان ناوی دەرکردووە ئەویش بەهۆی چالاکی ماموستای (وەرزش)ەوە . وە هەروەکوو ووتم من لەو بڕوایەدام قوتابخانەکەمان ئەبێتە مەشخەلێك لەم شارە خۆشەویستەمانا وە ناوی کوردو کوردستان بەرز ئەکاتەوە .

قوتابخانەی ١١ی ئازار

بۆ ئەوەی گرنگی بە باسەکەمان بدەین پاش ئەوەی دیمەنی جێگری (بەڕێوەبەر)ی ئامادەیی « ئیمام قاسم » مان کرد رۆیشتینە لای خوشکە (لطفیە صدیق) بەڕێوەبەری

بروانە : ل ٧

یەکەم میهرەجانی وەرزشی کچان لە کوردستاندا

کمال حیدری

ژیانی ئاشتی و هێمنایەتی و سەربەستی بۆ کۆمەلانی میللەت هۆیەکی کاریگەرە ، بۆبوژانەوە پێشکەوتنی کۆمەل لە هەموو رووێکی ژیانەوە .. بێ گومان گەڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان پاش بەیانی ١١ی ئازار ، هەنگاوێکی مەزن بوو ،

بۆ ئەوەی میللەتی کورد بەیتایەیتا تیماری دەردەسەری خوی بکات .. هەروەها هاوبەشی لە ژیانی کۆمەلایەتی میللەتی عێراق بکات .. وەرزشیش بەشێکە لە چالاکی کۆمەل و ئاوێنەی پێش کەوتنی میللەتە ، ئەویش لە ژێر سایەی ئالای ئاشتی یا دووبارە ئەخەملێتەوە کە لە ئەنجامی شەڕی براکوژی زۆر دواکەوت بەتایبەتی لە نێوان کچانی کوردستاندا

بەلێ .. بۆ یەکەم جار میهرەجانێکی سالانەی وەرزش لە نێوان کچانی شارەکانی کوردستاندا لە هەولێر بکرێت ، بە سەرپەرشتی بەڕێوە بەرایەتی پەروەردەو فێرکردن .. ئەوەی شایانی باسە بۆ یەکەم جاریش نوێنەری رۆژناگەری لە سەرتاوە تاکوتایی ئامادە بوو وەرووداوەکانی گشتیاریەکانی کانی ئەم میهرەجانە کە چوار رۆژی خایاند تۆماری کرد ، کە لە خوارەوە بە کورتی پیشکەش بە خوێندەوارانی ئەکەین .

قوتابخانەی ناوەندی ئێستکانی کوڕان کە مەلبەندی میهرەجانە کەبوو ، بە دەهالالای عێراقی ئەم دروشمانەی خوارەوە

● وەرزش نیشانەی پێش‌کەوتنی گەلانە .

● سایەی شادی‌یە هەولێر مەلبەندی وەرزشە .

هەروەها چەند دروشمی تریش لە شەقامەکانی شارا هەلواسرابوو ، بەم بۆنەیەوە . لە کاریە دەستانی بەڕێوە بەرایەتی پەروەردەی هەولێر ، ماموستایان ، بەرێز محمد اسماعیل ، بەرێز حسین رەشوانی ، بەرێز اسماعیل عمر ، بەرێز مصطفی شعبان ، بەرێز عادل مصطفی ، بەرێز عزالدین فیضی ، بەرێز عزیز مولود ئامادە بوون .. لە کات ژمێری هەشتی تەواودا لەژێر چاوە دێری بەڕێوەبەری پەروەردە ماموستا محمد اسماعیل میهرەجانەکە بە خونیشاندان دەستی پێ کرد .. لەپێشەوەی خونیشاندەران تیپی موسیقای منالان بە سەرپەرشتی کاك امجد مصطفی ئەڕویشت .. پاشان نوێنەری شارەکان بەم جورە بوو : دهوك ، نینوی ، سولەیمانی کرکوك ، هەولێر .. پاشان

بروانە : ل ٧

ژمارە : ٩
١٣ی مارت ١٩٧١

دوو هونەرمەند

هونەر — محمود زامدار

(ئێمە سەرسامین بەجوانی کوردستان بە ئاوازی کوردی بەفۆلکلۆری تەنها هیواشمان خزمەتی میللەتە دروشمیشمان لە جیهانی هونەردا ئەوەیە هونەر بۆ گەلە) .

لەپاشا گەلێ ووشەو هیواو بروام بەدی ئەکرد لە روئیانا پرسیم لەکاك عثمان علی م. پرسی :

– بۆچی لەچوارچێوەیەکی تەسکا ئەژین بۆ تەنها شاری سلێمانی شادبێت بەدەنگتان ئەی گوایە جیکیاکانی تری وڵات بۆ لەو دیو دیوارەوە بن ؟

کتوپر کاك محمد ئیرگز هاتە وەڵامەوە ووتی :

– وە نەبێ ئێمە ئەم راستیەمان نەزانی بێت بەڵکو گەلێ هەوڵ ئەمەمان داوە لە رێگای کۆمەڵەکەمانەوە .

لێرەدا کاك عثمان علی هەڵیدای وەوتی :

واتێ ئەگەم داواکاریەکانمان کە ئەگاتە بەردەمی تلفزیون ولیستگەی کوردی چاوی کوێر ئەکەن، زۆر جێگای سەرسورمانە

هاوکاری – ئێمەش دەنگمان لەگەڵ دەنگتانا بەرز ئەکەینەوە چونکە بە پێویستی ئەزانین ئەم دەنگە بەسۆزە کوردیانە لەگەرودا ئەتاسێ .

ئەوەی شایانی باسە ئەم دوو هونەرمەندە کە خاوەنی گەلێ بەرهەمی ئایابن وەکو – مقامی سەفەر وەنازەنین وە (ئێواریە سا هەلکرە گوزەی تازە) لە هۆنراوەی گۆران لەگەڵ گەلێ لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیا لەمانەش هونەرمەند محمد ئیرگز بەدی هێناوە .

وە هونەرمەند عثمان علی خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە .. (کچەشۆخەکە) هۆنراوەی نوری وەشتی وە (ئەبێ شۆخ) هەر لە هۆنراوەی نوری وەشتی وە چەند ئاوازێك لەگەڵ گۆرانیەك لە هۆنراوەی (قادر برسی) وچەند گۆرانیەکی فۆلکلۆری وە دوو سرود کە هێشتا بلاو نەکراوەتەوە .

پ – چ مامۆستایەك چاو دلێرتان ئەکات ؟

و – مامۆستای هونەرمەند (شوکت رشید) بەهەموو توانایەکیەوە یارمەتی داوین وەهەمیشە لە هەوڵدانایە لە پێناوی هونەردا .

« تاوان » مان بینی

رەخنە ، تەنها رەخنەیەکی بەجێ ئەتوانێ هونەرێکی نەتەوایەتی پوختو پاك پێنەدی .

شەوی ٢٥ـ٢ لە تەلەفزیونی کەرکووکەوە چیرۆکی نواندنی « تاوان » پێشکەش کرا لەنووسینی کاك کاوس زەنگەنەو پێشکەش کردنی تیپی نواندنی سلیمانی .

نواندنەکە بەشیوەیەکی گشتی لەیەوێ چارەسەری یەکێك لەو گیروگرفتانە بکات کە لە کۆمەڵەکە ماندایە ئەویش (داوێن پیسی)یە ئەگەر جی نووسینی نواندنەکە زۆر ساکارو سادەبوو بەڵام خستنە سەربەردەی تلفزیون خراپ نەبوو . ئەمە لەبارەی چیرۆکەکەوە بەڵام بابێین دەست بۆ هەندێ هەڵەی دورشت درێژ بکەین کە نەئەبوو چاویان لێ بپۆشیایە .

دیارە یەکەم کەس کە زیاتر سەرنجی گشت لایەکی رالەکیشا کابرایەك بوو گومانی لێکرابوو بەکوشتنی دووکەس ئەگەرچی کابرا بێتاوانبوو لە کوشتنیان وەك لەدوای چیرۆکەکەدا بۆمان دەرکەوت . بەڵام ئەوەی پێویست بێت لێرەدا ئەبوایە کاکی گومان لێکراو زۆر لەسەر خۆبێت بە جۆرێك ئەبوایە بدوایە سەرنجی نەك هەر سەرەکی دادگا راکێشی و بەس بەڵکو ئەبوایە سەرنجی گشت

عەلی مام کەریم
كركوك – كوردستان

بینەرانیش راکێشایە بەڵام بەپێچەوانەوە لە جیاتی ئەوەی زۆر بەهێمنیو لەسەرخۆ بدوێ کاکی گومان لێکراو وا ئەڵا لاێەوەو ئەکرۆزایەوە وەك تاوان باریکی راستەقینە . پاشە یەکێك بەرگری لەخۆی بکا ئەبێ وا هاوارو کرووزانەوەی

بۆچی بێ ئەمەش هەر چۆنێك بێت قەیناکا ئەی باشە بۆ ئەوەندە سەرنجی (عدسە)ی تلفزیونەکەی ئەکرد ئەترسم لەوە ترسابێ یان ئەوەندە بڕوای بەکابرای دەرهێنەری تلفزیونەکە نەبووبێ کە گوایە وێنەکەی تۆمار ئەکات یان نا .. ئەت وویست پاری سەرنجی کابرای دەرهێناری تلفزیونەکە بزانێ کاکیبرا .. کابرا دیارە غیرەکورد بوئەگینا بەسەری هەردوکمان ئەوەندە هەڵەی نەئەکرد کە گشت لایەك شەرمەزار بکات ، ئەرێ خەڵکینە کو ئەم موسیقای (تصویری) بوو ؟ . کوا ئەگونجا لەگەڵ قسەکانا ؟ بەڕاستی موسیقا دەوریکی باڵای هەیە لە شانۆدا بەڵام زۆر جێی سەرسورمان بوو هەتا موسیقاکەش ئەئەگونجا ئەترسم موسیقاکەش کابرایەکی غەیرە کورد لێی دابێت . ئەمە ئەو پاشان لەهەمو سەیرتر

بڕوانە : ل ٧

باس و خواسی هونەر

بەم زووانە هونەرمەندە چالاکەکانی (تیپی نواندنی سلەیمانی) چەند چیرۆکێکی تەلەفزیونی تۆمار ئەکەن ، بۆ ئەم مەبەستە ئەندامانی تیپ لە کۆششو جموجوڵێکی بەردەوامدان . لەو بەرهەمانەش کە ئامادەی تۆمار کردنن :

١ – شانۆگەری (تاوان) ! : نوسینی مامۆستا کاوس زەنگەنە . دەرهێنانی مامۆستا سمکۆ عزیز بەشدارەکانیشی (علی لوری . کوڵاڵە محمد . لزیزە قادر . کاوس زەنگەنە . سمکۆ عزیز . جمال عارف . کاوە احمد . برهان مصرف . سەلاح فرج)و چەند نوێنەرێکی تر .

٢ـ شانۆگەری (لەچاپخانەدا) نوسینی مامۆستا کاوە احمد دەرهێنانی مامۆستا سمکۆ عزیز بەشدارەکانی (سمکۆ . کاوە . جمال . سەلاح . چاوشین . دلپاك . مصرف . اکرم . جەباری دڵخۆش) وچەند هونەرمەندێکی تر .

٣ – شانۆگەری (دڵ و پێ خوێن) – وەرگێڕاوە – لە ئامادە کردنو دەرهێنانی هونەرمەند طە بابان

٤ – تەمسیلی (مەکرێ ژنان) نوسینی مامۆستا نجم الدین مەلا . دەرهێنانی مامۆستا برهان مصرف ئەوەی شایانی باسو سرنجو شانازی بێت ئەوەیە کە (تیپی نواندنی سلەیمانی) توانای گەورەی خۆی لەم ڕووەوە دەرخستوە وتوانی بەسەر کۆسپی – نەبوونی ئافرەت – دا زاڵ بێتو چەند خوشکێکی کورد بەرووری بەجەرگ بوون بە ئەندام لەم تیپەدا ئەمانیش پێشوازییەکی گەرمی کوردانەی لێ کردن . لەو خوشکە بلیمەتو بەترخانەش خوشکە (کوڵاڵە محمد اسماعیل) بوو ئافرەتێکی بەجەرگو سەر بەرزی هونەرە و یەکێکە لەو دەستە خوشکانە کە بڕوایەکی بەئێنیان بەدوارۆژی پەیامی

بڕوانە : ل ٧

پیشانگایەکی نیگارکێش عطا قزاز

هونەرمەندی کورد (عطا قزاز) لە رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٣ـ٣ـ١٩٧١ پیشانگای هونەری لە هۆڵی خوێندنگای هونەرە جوانەکان لە ژێر چاودێری عمید دوکتۆر عزیز شلال عزیز کردوتەوە وە ئەم پیشانگایە بریتی بوو لەهەموو جۆرێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستان .

ئەوەی شایانی باسە ئەمە شەشەمین پیشانگایە کە هونەرمەند عطا قزاز ئەیکاتەوە لە ژیانی هونەریدا . بە تێکرایی لە هەموو جۆرە رێبازێك پێکهاتووە ئەمەش هۆی ئەوەیە کە ویستویەتی توانای خۆی دەربخات لەم جۆرە قوتابخانانەدا وە هەروەها چەن پارچە لەئیشی دەستی یەیکەریش لە هۆڵەکەدا بوو ئەم پیشانگایە تا ماوەی یەك هەفتە بەردەوام بوو .

عەلی نەقشبەندی

بهاتنا ١١ ئاداری

دەمێ سەروکێ جهموریەتێ پێك هاتنا ١١ی ئادارێ بەلاف کری وگوتی : هەمی ئارمانجێت کوردا دێ هێنە بجهێنان دبن ئێکانیا پارتا بەعسی سوشیالستی و پارتا دیمقراطی کوردستانی فە .

و گازی هەمی ملەتێ عیراقێ کر بو ئێك گرتنا ئێکودو ، و نەخوشێت کەفن ژیرکەمن دا نەهێلن تبلیت امپریالزمێ و قازانج کەرێت شەرا بهێنە ناف بەرا فێ ئێکاتیا .

ئەف مافە هاتە گوریێ ژ بەر کربارا کوردا و موکومیا وان . یاکو بهزارا ملەتێ کورد دتولاز و جەحێل داین . ونەخوشی و برس وبێ نانی بسەرێ خو .. نو ئەم هەمی دزانین کوردا یا چ کری هەتاکو ئەف مافە بدەست خو ئێخستی . فێجا ما ملەتێ کورد نەبێ ژ هەمێ فێ بە و هێشتاپتر .

هەر وێ شەفا کو پێك هاتنا ١١ بەلاف کری ، نەهێلا ببینە سپێدە . کرو کەچ ، پیرو جەحێل کێش بونە بەر دەرێت خو و بو دەست قوتان و داوەت و شەهیانە .

دەمێ من هوسا دیتی گریا من هات !!١٠٠ بو فی ملەتێ رەبێ یاکو چ جارا خوشی نە دبینن ، یاکو هەر دیتی بێ د زیندانادا و دەستێت وی دگرێ داینە ، یاکو د درێژیا ژیا خودا هەرێ دەستە سەربو ، هاتە پێش چاقێت من وەکی وی کەوی ئەوێ د درێژیا سالێ دا د رکەکا تاری دابیت فێجا هەکو بەردەن دێ چاقێت خو زل کەت ، دێ پەرێت خو ژێك فەکەت ، دێ خو پافرکەت . بەلێ هەرێ هشیارە و بێ ئاگەهـ دار .

یادی ١١ ئادار

معصوم مایی

رۆژێ رەنگەك دێ دایە
ئەفرو جەژنو سەمایە
سەربەستیێ بە ئاشتیێ بە
پیرو بشیرا خوشییە
دارو پەرێت بشکورن
دوژن زقەعرادا مرن .
کوردو عەرەب برالە
مێژو مەیدانا وانە
بێکفە هەمیاکر گازی
بو ئێشتان فیدایێ نە

رۆژا یازدێ ئاداری
سەرێ جەژنێت بهارێ
جیهدا شرینو ئازی
ژکیفەهاتی فێجارێ

بخوینا شەهیدا رێتی
بخاکێ ئاگروکا صوتی
مەزێر نەکریە قازی(١)
لگەل گوتنێت وێ گوتی

دێ باوێزین وەلاتی
لگەل مافێ (حوکمێ زاتی)
بزەندو پاسکێت ئولازی
بیرایەتیو ئێکاتی
شەهید ژکوررا هاتندەر
سەرکێشێوان بو ئەئومر(٢)
بیازدێ ئادارێ درازی
کەسکو صورە هەمیادبەر
جەژنا لمە پیروز کری
جراو شەمال هەلکری
شەهیدا راکر ئازی
ژناف مەخلاسبو گری

ئێکەم شەهید ئەحمەد بو(٣)
برازێ ئەئومەر بو
هەردوکا خوین لێرژی
دژێکا کوردستانێ بو
هەمی شەهید بون هەڤال
ئەوان ئەڤیالحالو مال
بوجاندا ئوێ رەزی
داپوت فیقی هەمی سال

ئازی لوەلات لەمایە
لەدەشتو چیاو ئەفرازی
جەژنە جەژنە شادییە
ژکوردستانێ جوئازی
رەفتیت کەوالێت فرزن
بێ بجەهاتێن دا خازی

(١) قازي محەمەد .
(٢) ئەئومەر مایی شەهید بو روژا ٢٢ـ٦ـ١٩٦٣ .
(٣) ئەحمەد ملا طیب مایی شەهیدبو روژا ١١ـ٩ـ١٩٦١

شەنگارا دێرین

عبدالله ماریسی

شەنگار بالێژەکی بشافەو دەنگە لکوردستانێ هەمیشەو کەسێ کورد نەمایە گول ئافێ وێ نەبوویبیت چنکو ئافێ جیاین وێ وکەلەك ستران و بەهر هاتینە کوردادا پێ هەی .

شەنگار جهێ ئاڤێت شرینەو کانیێت زەلالە ، دکەفتە پال چیای ، سەرسەرێ زوبدکەکێ بلندو ئێنە خارێ تا بنێ زوبدکی ، دیمەنەکێ کەلەك جوان هەیە بهندێ ، کولان سەر کولانێرا دیارە وەکی بێبەیسکا ، سێ کانیێت بوش ئێنەدەر ژبەستاوێ هەرئێك بەر ئاشەکی دگێرتو گەلەك شوینوارێت کەفنە ئاشا لبەر هەنە ، کانیا ئیفەکێ دبێژنێ (حەفت لینشك) ئەف کانیە ژبن بازێرێ کەفتیدا ئێتو ژبن ئافاهیەکێ کەفن هەلددتو بسەر قادێ دکەفی، میرێت بەرێ لەو گەرەکا مەلەفانیا لبەر ئافاکریبوو ، لوکە دیوارێت گەرێ پێت هەرفتینە ناف کانیێدا ژبن خودانی ، گەلەك جهێت خوشو وارگەهێت بەرکەفتیو جوان د بەستا شەنگارێدا هەنە بزەحفی خەلك لێ خردبن دهاڤینادا ، حوکیت ئاڤا زەلال دبن تخت و کورسی یادا دەرباز دبن ، مروفی هەر دڤێت لبێ سیبەرا دارێت تحەملو شەنگ لسەر فێ ئاڤا

یاماى

ژ فولکلوری کرمانجی

ئەدەب هەکە لئێکێ بێ عاقل بەیدا بو دێ ژێدە تر کەر بیت، هەکە گەهشتە ئێکێ کەرچوفە دێ عاقل بیت ... ئەدەب وەکی روناهیا روژێ یە ... چافێت مروفا بێ تیژ دبن بەلێ شەف رەفیێك خولێ فەد شێرن، وەکی وی حاکمی ئەوێ دەورەو پشتێت وی مروفێت خراب بێ دێ حاکمی بێ شول کەن و ج کەسیا چاك ژ بەر دەستێ وی دەرناکەفیت ، بەلێ دوستایەتیا حاکما وەکی وێ ئاڤێ بە ئەوا تیمساح تێدا ، دفێت مروف خو چاك ئێزێك نە کەت . دبێژن طەیرەکی گوتە مروفەکی: خوب ئشتێ نە هێنە راست کرن) فە زەحمەت نەدە ... و بێ بی تورە بچاك بێ وقەما درمیت بشەدەب نا کەفیت : لجیابەکی پرەکا مەیمیکا لێبد ژین ، شەفەکا صارا باران و بارڤە بخو لئاگرەکی گەرمان دا خو لبەر گەرم کەن ... دبێن روناهیا عەسمانی لبەرێت جیجکەکێ دا وان هزر کر ئاگرە لت طەیرمبیت ، مەیمیکا دار قەکجەماندن ، طەیرەك لسەر دارەکێ بێ لهنداف گوتێ : ئاگر لینە هوینێ د بینن خو زەحمەت نەدەن ، مەیمیکا گوه لێ نە بو ، طەیر فری چو دەف ، گافا طەیری وە گوتبێ، مەیمیکەکێ دەستێ خو لێ دا طەیر کوشت دبێژن ئێکێ ئەبلەهـ (بێساوێلکە) و ئێکێ حیلەباز بونە شریك کرین و فروتنێ دکر روژەکێ بێ برێقە د چن بێ (ساوێلکە) کیسەکێ پارا دیت کو هزار زێرێت تێدا گوتە هەفالێ خو دا لخو لێك فەکەین، (دلێ هەفالێ وی چو وێ کو هەمیا لێ بیبت) ، گوتە هەفالێ خو نە هەر ئێك ژ مە دێ بخو هندەکا ژێ هەلگریت وێت دێ فەشێرین ، پارێت خو فەشارتن وچونە بازێرێ ، بێ حیلە باز جەبەك لهەفالێ خو دا وهات پارە ئینانە دەرێ وچو . ئەوی هزرێت وی د تیژ هەردەم بێ بسەر کەفتی ترە ژ هەفالێت خو سێ شریکێ د ئێك بون دهندەك پارا دا ، چونە سەر گومەکا ئاڤێ دا لەشێ خو شون ، گوتە لێك ودو چ لپارێت خو بکەین، ئێکی ژ وان گوت : دێ دابینە دەف وێ پیرەژنا هە ئەوا لبەردەرێ مالا نێزیکی گومێ ، پارێت خو برن دانە فێ پیرە ژنێ و گوتێ حەتا ئەم هەرسێ نەدەف مە هێینە دەف تە پارێت مە هەکە ئەم کت ـ کت هاتین، پیرێ گوتێ باشە ، چونە سەر دەفێ گومێ ئێکی ژ وان گوت : بلا ئێك بچینە دەف پیرە ژنێ کا چ لیفك و صابین نا بێ بو مە بینیت ... بێ بچیك تر فری کر ... گەهشتە لك پیرە ژنێ گوتێ : کا وان پارا بدە نە وێ ژێ گوتێ : حەتا هوین هەر سێك حازر نەبن ئەز نا

بڕوانە : ل ٧

١١ی ئاداری

ب گەرمی پیروزکەن ، یازدەی ئادارێ
جەژنا ئازادی ، و گولێت بهارێ
ژکەیفادا روندك ، رژیانەخارێ
چو وەختێ ترس و ،زلم و هەوارێ
⊙ ⊙ ⊙
بونە ئێك دەستێت ، عەرەبو کوردا
کەفنە پەریستا ، بارکرو بازدا
پشکێتن برا ، هەڵبەتوقەیدا
بشون وەلاتی ، ژکوفاناو دەردا
⊙ ⊙ ⊙
عالایێت سوروژە ، لبانەچکلینێن
سینو گولو ، بەبیناب چینن
بلبلو کەوا ، نەفروبجەمینن
داخوش ئاوازا ، ل (ئادارێ) ب خینن
⊙ ⊙ ⊙
کوردو عەرەبا ، دوژمن هەرشاند
طوفێ خوین مێژو ، دلرەشا براند
خوشیو شادی ، لدەشت وچیا چاند
زەنگلا ئاشتی ، هەلکرتو هەژاند
⊙ ⊙ ⊙
رزگاربو ملەت ، ژژندانو گوفا
بوهنگو دبێژم ، گەلی مروفا
بچینن نرگزا ، لغازەفی وشوفا
بولاوێت شەهید ، بوشرێن طوفا
⊙ ⊙ ⊙
ئەفروکە هەلات ، روژا برایەتی
ئرێن لسەرچیا ، کوترێت ئاشتی
هزار سەرکەفتن ، چاندن ملەتی
بژیت کوردستان ، هەرژین پارتی

عبدالرحمن مزوری : دهوك

باسێك دەربارەی چیرۆکی شانۆگەری هاملێت

« ئەسوەد هەڵکەوت »

لە شاری سلێمانی شاری هونەر .. هونەری نەتەوایەتیمان رۆژبەرۆژ لە پەرەسەندو گەشەپێدانو بزوتنەوەیکی ئاشکرایە . وە گشت لایەکی دڵسۆز کۆشش لەو بارەیەوە ئەکەن وە هەمیشە لە پێناوی پاراستنو پێشخستنیا هەوڵ ئەدەن ..

یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش یەکێکە لەو کۆمەڵە وە یان لەو بەشە دڵسۆزەی کە هەمیشە گیانی هونەریان تیا زیندوە وە دروشمیشیان لەو بارەیەوە « شانۆیەکی تەواوم بدەری ، گەلێکی تێگەیشتوت بدەمێ » .. هەر وەکو لەچەند مانگێکەوە خەریکی چیرۆکی شانۆگەری بەناوبانگ (هاملیت)ن کە نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (ولیم شکسپیر) نووسیویەتیو (خلیل مطران) کۆڕیویەتی بۆ زمانی عەرەبیو کاکە (دارا حسن یارە) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ... ئەم شانۆگەریەش لەلایەن تیپی نواندنی یەکیەتیەوە پێشکەش کرا کە هونەرمەند کاك (حەمە فەرەج) دەری هێنابوو بۆ سەرشانۆ ... ئەم شانۆگەریە چەند شەوێکی خایاند ..

بەراستی هەرچەند تیپی نواندنی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان هێشتا لە دەست پێ کردنو کۆششی سەرەتایی هونەریان بە پێی تیپو کۆمەڵە هونەریەکانی تر لە شارەکەدا .. بەڵام زۆر بەرێكو پێکی وە بە پێی توانای خۆیان شانۆگەریەکەیان پێشان دا کە زۆربەیان بەیەکەمجارە سەر شانۆ ئەبینێ . وە جێگای رێزو هاندانی تەواون لە لایەن گشت لایەکەوە وە بە تایبەتی هونەرویستانی شارەکەمان .. تریکەی (٢٠) بیست نوێنەر بەشداری کرد بوو .. گشتیان لە قوتابیان .. وە نابێ ئەوەشمان لەبیر چێت کە هونەرمەندان کاك صلاح فرج لە « دیکور » وە احمد روناکی لە « رووناکی » وە کاك برهان مصرف لە میکیاج دەورێکی باڵایان هەبوو کە جێی ستایشو رەزامەندی هەموو لایەك بوون ... ئەوەی بۆ باس نەشێ ئەوەیە کە پیشەکی شانۆگەریەکە بە گۆرانیو مۆسیقابوو کە یەك سەعاتو چارەکی خایاند وە ماوەی شانۆگەریەکەش (دوو) سەعاتو چارەکێك بوو ... ئەمە کورتە باسێکی شانۆگەریەکە بوو بەڵام هەندێ شت هەیە کە هەر دەرهێنەرێك (مخرج) لەهەر شانۆگەریەکا پێویستە دەرکی پێ بکات لێرەدا ئەمەوێ چەند سەرنجێك بخەمە پێش چاو وە بە رەخنەی دانانێم بەرانبەر بەو قوتابیانەی کە لە پێشا ووتومە یەکەمجاریانە بۆ سەر شانۆ بەڵام بۆ دەرهێنەری چیرۆکەکە کە زۆر پێویستە ئەوە لێك ئەدرێتەوە تا رادەیەك ئەمانە قوتابین کێ گوێ ئەدانێ بەڵام وانیە بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەبێ زۆر ئاگاداریان بێ چونکە تازە پێگەیشتوون وە لە باری هونەری شانۆگەریەوە زیاتر فێربکرێنو گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت ..

لە راستیا قوتابی هونەرمەند (شەمال عبدالله علی) کە دەوری (هاملیت)ی دیبوو .. دەورەکەی زۆر رێكو پێك وە باش بوو .. بەڵام لە کاتێکا تارمایی دی کە لەگەڵ هاوڕێکانیا بوو .. وە تارمایی باوکی بوو ... کە بە تەواوی لێی روون نەبو .. بەڵام تارمایەکە داوای لێ کرد دوای کەوی بە بێترس وە بێ ئەوەی (شیر)ەکەی دەربهێنی دوای کەوت کە پێویست بوو بە مەترسیەوە برۆشتایە .. کە هاوڕێکانی پیان ووت لەوەك بتکوژێت .. بەمانا لێی روون نیە باوکیەتی ...

شتێکی تر هەیە لە هونەری شانۆگەریا زۆر گرنگو راستە نیە شانۆ پەردەی کراوەبێو شانۆ بەجێبهێڵێت بەجۆلی کەچەند جارێك رووی دا ..

پاسەوانەکانی پاشا (کلودیوس) پاشای دانیمارك هەریەکەیان بە یەك • زڵلە • دوو مەترە ئەبەرزین کە تەمەنیان لە (١٢) یان (١٣) سال تی نەپەری بوون ئەبوایە دوانی لێهاتوو زرنگو چاونەترسو گرجو گۆلیان هەڵبژاردایە بۆ ئەو دوو دەورە کە خوا ئەیبریت قوتابی زۆر چونکە (حیوار)یان نەبوو دوانی تر بیجگە لەوان ئەیانتوانی ئەو دەورە ببینن .. خۆی لە (عادەتی) شاژنەکانی ئەو سەردەمەدا زۆر بەرێز (شا) وە بوو وە کە شا دەرکەوتوە وەیان لەگەڵیا ئەبیت لە لایەکەوە ئەوەستی وە کە قسەش ئەکات بە ئەنگ رەزامەندنی پاشاوەیە وە .. بەڵام شاژن جارێ زۆر ئەجووڵا بە تایبەتی زۆرجار ئەهاتە پێش شاوە وەیان ئەو دو هاوڕێیەی کە لەگەڵ (محمد غریب) کە دەوری (هوراسیو) هاوڕێ هاملیتی ئەدی زۆر بێ باکی وە بێ گوێ دان لەبەر دەم هاملیت دا ئەوەستان کە هاملیت کوری پادشای کوچ کردووە کە ئەبوو بەرێزەوە وە پارێزگاری هەڵوێستی خۆیان بکردایە ... وە یان لەکاتێکا شێوەی کوشتنی (شا)ی کوچ کردوو پیشان ئەدەن بۆ (شای) تازە کە برای (شای) کوچ کردوە وە کە ئەم کوشتویەتی بۆ تاجو وڵاتەکەی وە شاژنیشی مارە کردوە وە پیلانی هەردوکیان بوە ... ئەبوایە وەك چۆن رووناکی درا بە شێوەی کوشتنەکە واش رووناکی بدرایە بە دەموچاوی (پاشا)کە هەڵوێستی بزانرایە کە ئەو دیمەنەش بۆیە پیشان درا لەلایەن دۆستانی (هاملیت) تاکو هاملیت بە تێك چوونی مامی بزانێ .. ئایا پێی تێك ئەچی یان نا وە زیاتر بۆی روون ببێتەوە کە تاوانەکە بەو جۆرە رووی داوە .. وەیان (رزگار صدیق محمود) کە دەوری (پولونیوس) سەرەك دیوانی پاشای دی بە جلو بەرگی تایبەتیەوە بەڵام پاش کوشتنی لەلایەن هاملیتەوە .. دەورێکی تریشی ئەبینی کە (اوڤریك) بو کە یەکێکی نزیك بوو لە دەستو پێوەندی پاشا ... پانتۆڵەکەی هەمان پانتۆڵی دەوری پێشوی بوو کە ئەبوو بیگۆڕیایە هەروەك بە (مکیاج) گۆڕرابوو ..

لە هەموو شتی سەیرتر رەنگبێت برامان کاکە (حمە فرەج) دەرکی پێ کردبێ دیوەخانی پاشا من بڵێم (٥) پێنج تۆ بڵێ (١٠) دەرگای چوونە دەرەوەی تیابوو .. کە پێویست بوو تەنها بۆ پێویستیو شانۆکە لە دوو جێگای هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی زیاتر تیا نەبوایە ..

لە کۆتاییا داخوازم هەروەك لەپێشا ووتومە هیوادارمو داخوازم ئەم سەرنجە بچوکانە بەرەخنە دانەنرێت بۆ براکانمان هەموو ، بەڵگەکنی ، ماکان کە پەیوەندی هەیە بە هونەری شانۆگەری وە بە تایبەتی بە

بڕوانە : ل ٧

چۆنیەتی پەیدابوونی خاچی سوور

گومانی تیدا نیە کە زۆرجار ناوی سەلیبی سور (صليب الاحمر) و مانگی سورمان (الهلال الاحمر) بیستوە یاخود کەوتوتە بەرچاومان لە گوڤارو ڕۆژنامەکاندا • ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرنجمان ڕابکێشێت بو ڕوون کردنەوەی شتێك لەبارەی چونیەتی پەیدابونی‌و دامەزراندنی •

لە ولاتەکانی ڕۆژئاوادا پێی ئەووترێ (صليب الاحمر) وەلە ناو وولاتە عەرەبیەکاندا پێی ئەووترێ (الهلال الاحمر) لەگەل هەندێك لە وولاتە ئاسییەکانی دی ، و ئەو جیاوازیەی کە هەشیانە لە ماناداماناو وانیە یەکێکیان بەناولەوی کە گرنگترە بەلکو وەکو یەکن چ لەرووی ئیش‌وکاریان بێت یاخود لە ڕووی ئامانجیانەوە •

کارو ئامانجی ئەو دامەزراوە :

کاری ئەو دامەزراوە ئەوەیە کە بریندار لەکۆڕی شەر هەلبگرێتەوە ، وە بیبات بو خەستەخانەی تایبەتی وتیماری بکات وەرێز بکرێت لەو دیلانەی کە لە شەرردا ئەگیرێن وە دەستی یارمەتی درێژ بکات بو ئەو کەسانەی توشی کارەساتی ڕۆژگار ئەبن وەکو بومەلەرزەو لافاو ئەوەش بە چاوپوشین لە هەموو تیرەو ڕەگەزو ئاینێکانی مرۆڤ •

چیرۆکی پەیدابوونی :

لە ناوەڕاستی چەرخەکانی ڕابوردودا وە لە سالی ١٨٥٩دا شەڕرێکی درایدانە لە نێوان نەمساو فەرەنسەو ئیطالیادا هەلگیرسا کە ناسرابو بە شەڕری (سلفرینو) • وە هۆیەکانی ئەو شەڕرە هیچ گرنگ نیە کە

هەولێر : ڕەوف پشدەری

بیزانێ لەگەل ئەنجامە سوپاییەکانی بەلکو ئەوەی کە گرنگ بێت ئەوەبو کە لاوێکی سویسری دیت بوی کە چوارسەد هەزار سەرباز لە ناوچو لەماوەی بانزەکاتژمێردا بەبێ ڕاوەستان ئەوەی بریندار بو ئەوەی مردیش لاشەی خویناوی بەجێ هێشت بەوەش کوڕی شەڕر داپوشرا بەلاشەی بریندارو کوژراوەوە • وە لەوکاتەدا کەس بەدی ئەئەکرا کە دەستی ئاوبزیان بو درێژ بکات یاخود کۆتایی بەو جەنگە گەرمە بێنێت ئەنانەت بروسکەو ڕەشەبا نەبێت ئەگەر ئەوانەش ئەبو نابە لەوانەبو شەڕرەکە ئەوەستێت وە بلاوەی پێ ئەکرێت • بەلام ئەولاوەی کە کۆڕی شەڕەکەی دی بۆ هیچ پایەکی بلندی نەبو ئەنانەت موچە خوڕێك بو لە بانقێك لە بانقەکانی جنیف لە سویسرا وە هەر لەویش هاتبوە جیهانەوە لە سالی ١٨٢٨دا وە ناوی (جێن هنری دونانت) بو کەزێی کەوتبو شاری سلفرینوی ئیطالیا بەمەبەستی ئەوەی کە کوبونەوەیەك لەگەل (امبراطور) ناپلیونی سێ هەمدابکات •

وە هیوای هەرەگرنگی لەو کوبونەوەیدا ئەوەبو داوای هەرزان کردنی نرخی ئاوی لە ئیمبراطور ئەکرد چونکە ئەو لاوە بە ئیشی بانق ڕێی کەوتبو جەزائیر کەچی لەوی پارچەیەك زەوی کڕی بەلام زەویەکە زۆر ووشك‌و بێ ئاوبو وە نزیکیش بو لەخاکی فەرەنسە وە هەر ئەوەش بو کەپالی پیوەنا بچیتە لای (ناپلیون) بو ڕێك کەوتن لەبارەی هەرزان کردنی نرخی ئاوەوە •

بەلام بەداخەوە ، ئەوەندەی بێ ئەچو کە هەرچی زەوی بو لە بیری چۆوە بەهۆی چوونی بوشاری (سلفرینو) و دیتنی شەڕرە خویناویەکەی ئەوشارە• ئەویش هیچی بێ نەکرا لەوە زیاتر کە هەموو بیرۆهوشی خوی بخاتە سەر ئەو شەڕرە وەئەوەلا بدات لە بیناوی تیمارکردنی ئەو بریندارانەی کە بە هەزاران بە سەریەکدا کەوتبون لەکۆڕی ئەو جەنگەدا •

لەبەر ئەو کارەساتە جەرگ بڕە (دونانت) دەربەری بەرەو شاری (سلفرینو) وە شاری (کاستیلیونی) کە نزیك بون لەیەکتری وە هاورای ئەکرد لە ناوشاردا وە لە خەلکی داوائەکرد یارمەتی بدەن بو هەلگرتنەوەی ئەو زامدارە لێقەوماوانە بەوەش خەلکەکەی ڕاست کردەوە ، هەستو بەزەیی ئەو خەلکەی بزواند کەبێن یارمەتی بدەن ، بە هۆی ئەو بانگەوازەوە ژمارەیەکی زۆر لەژنان لەگەلی کەوتن بو گواستنەوەی بریندارەکان ، بەو هەولو تەقەلایەش نزیکەی ٥٠٠ کەس لەو بریندارانە بران بو کەنیسەی (کاستیلیونی) وە

بروانە ل ٧

بیرێکی ڕاگوزاری

لەخەوما ٠٠ کەوتبومە شارێکەوە ، خەلکەکەی هەموو قاچیان بۆ سەرەوەو بەدەست‌هەنگاویان ئەنا !! ٠

ئەونده پێ‌کەنیم ٠٠ ژانم‌کرد٠٠ ئەوەی بەلامەوە سەیر بو ، هەر بەو جۆرە سەرەو خوار بونەوەوە ٠٠ئەیان کری٠٠ ئەیان فرۆشت ٠٠ ئەیان خوارد ٠٠

یەکێکیان لێم هاتە پێشەوە•

ووتی : ئاشێ بەئێمە پێ‌ئەکەنی ؟

ووتم : بێ گومان ٠٠

ووتی : بێ گومان بەڕوشتنەکەمان پێ‌ئەکەنی ؟!

ووتم : هەقم نیە پێ‌بکەنم٠٠٠٠ چاوتان لەخۆتان نیە چیتان بەسەر هاتوە ٠٠ هەمووتان‌سەرەو خوار بو نەتەوە ٠٠!!

ووتی : گوایە تۆ وانیت،لای‌ئێوە شتی وانیە ؟!

ووتم : سەیرە !! وای چی،ئاە سەیرم کە من ڕێك وەستاوم ٠٠

ووتی : ئێوە هەمووتان‌وان ٠٠ بەلام ٠٠ چاوتان لە خۆتان نیە !!

وە ٠٠ داچلەکیم ٠٠ ئێمەهەموو ٠٠ سەرخوار بوینەتەوە ٠٠ بە قاچ ناڕوین‌و ٠٠ وە ٠٠ ئاگامان لە خۆشمان نیە ؟! ئێوە بلێن !؟٠٠ ڕاستە؟!٠٠

هەر چەند بیری لێ‌ئەکەمەوە٠٠ من‌گومان ئەکەم لەوەی ٠٠ ئەو کابرایە ڕاستی نەکردبێ!!

بەهرە

ڕوون کردنەوەیەك لە کتێبخانەی گەلاوێژەوە لە سلێمانی

لە ٢٧ی شوباتی ١٩٧١دا ، لەژمارە ٧ی هاوکاری خۆشەویستدا ، لەژێر گۆشەی (هاوکاری‌و خوێنەوارانی)دا کاك (لوری عزیز عەتار) لە سلێمانیەوە ، گلەیی لێمان هەبوو ، لەبەر ئەوەی ژمارە تایبەتی‌یەکەی گۆڤاری (العربي) کوتنی‌ی بەر ئەکەوتووە ١٠٠٠

١ – ڕای ئەگەیەنم ، کە کتێبخانەی گەلاوێژ ماوەی بیست سالە لەخزمەت شاری سلیمانی خۆشەویست دایە ، ئەمە یەکەمجارە گلەیی بێتەسەر

٢ – کتێبخانەی گەلاوێژ کڕیاری هەمیشەیی خۆی هەیە ، وە بەشداراتی ڕۆژنامەو گۆڤارمان زۆرە بەژمارە پێیان ئەنێرین ١٠٠!

٣ – وادیاریە لەکەوێ وەکو (العربي) ناوبراو کە باسێکی کوردی تیا نووسرابوو ، لەوەی لە ماوەی ئەم بیست سالەدا ، دووجار سەری بە کتێبخانەکەماندا ئەکردبوو ، بە هەلەداوان هاتبو بۆ کڕینی ئەو ژمارەیە ، ژمارەکەش تەنها بەشی بەشداراتیشی ئەکرد ، ئەو ڕۆژەش ئەم جۆرە کڕیارانە زۆرێکی باشیان بە کتێبخانەکەمان ئەکیاند •

٤ – پرسیارێك ئاراستەی کاك (لوری) ئەکەم ١٠٠ ئایا ژمارەی دوایی (العربي) کە هات ، بۆچی لەبەشدارەکان بەولاوە کەسی‌تر نەهات بۆ کڕینی ؟٠٠

٦ – هیوادارین کە هەرکەسێ لەپێش ئەوەی سەرزێ‌بێ فەرمان بەسەر شتێکدا بدات ، بەر لەوە لێی وردبێتەوە وە هیواداریشین بەپێی توانا گلەیی لەسەرخۆمان کەم بکەینەوەو هەمیشە لەخزمەتی هەموو مرۆڤێکی دلسۆزی کورد بێن ، سوپاسیش بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری بەرێز •

ڕەوف معروف
خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ
لەسلیمانی

تاڤگەی ووشە

بەهاری پار،لە یادکردنەوەی نەورۆزا ئەنوسرا: نەورۆز لەگەل خوی ، مژدەی جەژنێکی تری هێنا ، یان ئەوترا نەورۆز پێش ڕوژی ٢١ هات ، بە بلاو کردنەوەی ڕێکەوتننامە مێژوویی یەکەی یانزەی ئازار ، بۆیە ئەوترا نەورۆزمان دوو نەورۆزە •

بەلام ئەم سال لە یادکردنەوەی ئازار دا ئەتوانین بە شانازیەوە بنوسین : کە بیرەوەری یەکەمی ئازار ،لەگەل خۆیا ٠٠ لە پێش خۆیا ٠٠ مژدەی هاتنەدی ئاواتێکی دێرینی گەلی کوردی هێنا ٠٠٠ مژدەی یەك کە وێنەوەی ڕیزەکانی گەلی کوردی هێنا ، دوای چەندەها سال ئاژاوکی خوێناوی ٠٠ دوای چەندەها سال شەڕی براکوژی ، کە سوتەمەنیەکەی گیانی سەدەها ڕۆلەی دلسۆزی کورد و کوڕە جوتیاری بەسزمانی کورد بوو •

پێش ئازاری ئەمسال ، جەماهیری گەلی کورد توانی کوتایی بێنێ بەو شەڕە خوێناویە ، وە جارێکی تر هەموو هێزو توانای ڕۆلەکانی کورد کۆ بکرێتەوە بۆ بەدی هێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان •

بیرەوەری ئازاری ئەمسال ، لەگەل خۆیا ، زامنی بنچینەیی جێبەجێ کردنی بەیانەکەی هێنا کە ئەویش یەکێتی نیشتمانی گەلی کوردە ، کە بەبێ ئەو یەکێتی‌یە لەتوانادا نیە گەلی کورد ئاواتەکانی خۆی بێنێتە دی و لە قوناغەکانی داهاتوی خەباتی سەختیا سەرکەوتن بەدەست بێنێ •

ئەمسال کۆمەلانی خەلکی کوردستان ، بە شەوقێکی زیاترەوە ٠٠ بە هیوایەکی زۆرترەوە ، پێشوازی جەژنی ئاشتی ئەکەن•ئەو پێشوازی‌یە گەرمەو ئەو لایەنگیری‌یە بەهێزەیان بۆ یەك گرتنەوەی ڕیزەکانی کورد لەوەوە هاتوە کە جەماهیری کورد ، بە هەست کردنی شۆڕشگێرانەی خۆی ئەزانێت کە چەسپاندنی ئاشتی و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی لە کوردستانا،بەردی بناغەی ئاشتی و یەکێتی نیشتمانی‌یە لە سەرانسەری عیراق دا ٠٠ وە ئەزانن کە ئەم یەك گرتنەوەیە زامنی بەدەست هێنانی زۆر لە مافەکانیانە لەم قوناغەدا • بەوەی کە ئەوژمێنێکی نوێی دا بە بزووتنەوەی کوردایەتی و گوڕێکی بەهێزی وای ناپەبەر کە بێ گومان دەوری کاریگەری خۆی ئەبێت لەوەدا کە بزووتنەوەی کورد بتوانێ ئەرکەکانی ئەستۆی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ و لە بەرەی خەباتی دوژمن بە ئیمپریالیزم دا بجەنگێ لەگەلانی ئازادیخوازو شۆڕشگێری جیهان دا •

(ف)

سرووەی بەیان

بەندی شەشەم لە شیعرەکانی شاعیری لادێ نشین قانع

ئەم پەرتوکە لەم ڕۆژانەدا لەکەوێتە ژێرچاپەوە،ڕوالەتیکی فیکری ئەو شاعرەو سۆزێکی شۆڕشگێرانەی دەنگی جەماوەرەکانی کوردستان نیشان ئەدات ٠٠ هەرچەند (قانع) شاعریکی لەبیرچوی کوردە بەلام بەم دیوانە تازەی بۆجارێکی‌تر بیری میلەتی کورد لەکەوێتەوە،پیشەکی ئەم دیوانە (کامەران)ی‌شاعیری شۆرشگێر نوسیویە ٠٠ ئەوا بۆ نمونە ئەم پارچە شیعرەی بلاو ئەکەینەوە کە بەردەی شۆرەیی لەروی ئەمبەلی هەل ئەدائەوەو هانی کۆمەلانی زەحمەتکێشی کوردەواری ئەدات بۆ ئیش کردن‌و فێربونی پیشەسازی‌و خۆماندوکردن لە پیناوی گۆڕینی کۆمەلایەتی‌دا ٠٠ ئەمەش هەلبەستەکەیە :-

کوڕی کوردم ، خەریکبن ! بێنە فرمان
لەگوڕ نێن تەمبەلی‌و بێکاری جاران
عەرەق بڕژێ لەسەرخاکا لەبەر پێت
لەرێی ئیشکردنا ، بۆ بەرگو بۆ نان
مەلێ عەیبە ! مەلێ ناچم لەبۆ کار
مەلێ ئاواتمە ، سەردان‌و سەیران
برام عەیبی نی‌یە ، شوانی‌و سەپانی
ئەبەخشن فەخرو شانازی بەئینسان
بە سەربەرزی بژی ئاماوە ژینت
نەکەی مل‌کەچ ! لەبەر کوشکو تەلاران
گریکارێکی خاوەن هێزو بازوو
مەچەك مانەوبکا ، تاکو ئێواران
بەهێزی باوەڕو شان‌و دەماری
بەدەس بینی ژیانی خوی‌و خێزان
سەپانێکی هەژاری بێ‌بەتی‌و شر
کەخاوەن غیرەتە وەك شێری مەیدان
بەسەر بەرزی لەبەرتیشکی هەتاوا
درەوکا بەرهەمی ڕەنجی لەهەردان
قەزای هێزی‌لەشی جوتیاری مانوو
لەدوو بومبوتاکو توپی شاران
قەزای ئەو توزی گاگێرەی سەپانە
لەدوسەد برنەوی دەسکاری ئەلمان
ئەمانە خزمەتێ نەك کوشتن‌و جەنگ
ئەمانە خووڕەووشتی پیاوی ئازان
خەراتو پینەچی‌و دارتاش‌وجولا
هەمویان پەیکەری فەخرن لەبۆمان
نموونەی پیشەسازی ئەم ولاتەمن
لەخزمەت کردنا ، زیادن لە هەموان
ئەگەر پیشکەوتنت لا فەرزە (قانع)
دەفەرموو ، هەستە زووکە،بێرە مەیدان

دەزگای گۆڤارو ڕۆژنامەکان کرایەوە

س٠ع٠ شادمان
سلیمانی

بێ گومان ئەو کەسەی بەرتووکێك دەرئەکات دیارە کە چەند ماندوو ئەبێ‌و کاتێکی تایبەتی تەرخان ئەکات بۆ نووسینەوەی ئایا ئەو کاتەی کەخێزان‌و منالەکانی کسپ ئەبن‌و لە شیرین خەودان وەیا خەو لەخوی حەرامان ئەکات‌و بەرەبەیان هەل ئەستێت ، کە کتێبەکەشی دەرچوو (بەلام باسی پارە بەپاکردنەکەی تۆ بتمەیرە لاوە ٠٠) ئنجا چەند ئێوە خوێندەوارێك پەیا ئەبێ ئەکەونە پلاروو توانجی نووسراوەکە ، جگە لەوانەی زل کە چەکی دەستیانە هیچی تریان لەدەس نایەت هەمووشی بۆ ئەوەیە کە پێیان بلێن شت ئەزانێ • با زۆر دوور نەڕوین باسی خۆمان بکەین :- چەند مانگێك لە مەوپێش دیوانی (وەلی دێوانە) کەوتە کتێبخانەکانەوە دوو هەزار دانەی لێ چاپ کراو خەریکە کۆتایی پێبێتو لەپاش چەند مانگێکی تر – وەکو خۆمان ئەلێن (ئەبێ وەکو ئالەت بەدووایا بگەڕێین) بەلام وەکو بەر گوێم ئەکەوێت هەندێ لەو نیمچە خوێندەوا رانە کەوتونە پروپاگەندەی ئەوەوا کە گوایا ئەو هۆنراوانە هەندێکی هی وەلی دێوانە نیە ،هۆنراوەی (سەیدی هەورامی‌و بێسارانی‌و بوێژی تری تێکەلە • بۆیە تکا ئەکەم لەهەموو خوێندەوارێکی کورد کام هۆنراوە بەهی وەلی نازانێت یان بەنامە یا ٠٠ بەهۆی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە ئاگادارمان بکات وە بەلگەشی چیە بۆمان ڕوون بکاتەوە یان هونراوەی تری لایە کە لە دیوانەکەدا نیە تاکو لە چاپی دووهەما بەتەواوی بینووسین چونکی ئێمە ئەو هۆنراوانەی کە لە دیوانەکەدان هەمووی لەلایەن خوێندەوارانەوە بۆمان هاتووە ، یان لە (کەشکۆلەکەی جەنابی بەرێز مەحموود پاشا)وە کە لە سەر هەموو پەڕەی هۆنراوەیەکی ژمارەی لاپەڕەی کەشکۆلەکەی تێدا نووسراوەو لامان ماوە ، ئیتر قسەی زل بێ‌کەلکە ئەگەر ڕاست ئەکەن فەرموون بنووسن ئەوا دەرگای گۆڤارو ڕۆژنامە کانمان لەسەر پشت‌و کراوەیە

هەولێك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاری هەولێرەوە

بەشی‌دەومی فەرهەنگۆکەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی پارێزگاری هەولێر • ووشەکان :

عاطفي : دەروونی
برقیە : بروسکە
اتحاد : یەکێتی
اجازە : ووچان
احصاء : ژمێرکو
اخراج : دەرهێنان
ادارە : بەڕێوەبردن
ادوات : کەرەستە
ارشاد : ڕابەری
اساسي : بنەرەتی
استحصال : وەرگرتن
موافقتكم : ڕەزامەندیتان
استفتاء : ڕاوەرگرتن
اسعاف : فریا کەوتن
استقطاعات الراتب : لە موچە برین
اشراف : سەرپەرشتی
اضافە الی : سەرەڕای ئەوە
اطلاع : ئاگاداری
اعتراض : ڕەخنە
اعتماد : پشت پێ‌بەستن
اعفاء من مهمة : لێ بووردن
اعمال يدوية : کاری دەستی
اقتراح : پێشنیار
اكرامية : ڕێزانە
التربية الكشفية : پەروەردەی دیدەوانی
الحاق : دوا بەدوا
الفات نظر : هوشیار کردنەوە
أمر : فەرمان
أمن : ئاسایش
أمين الصندوق : خەزنەدار
انتخاب : هەلبژاردن
انشاء (درس) : دارشتن
انذار : روو شکاندن
اهمال : کەم تەرخەمی

ڕۆژ ژمێری «پێشەوا»

بەبۆنەی سەری سالی تازەوە ٢٦٧١ ی کوردی ، ڕۆژمێری • پێشەوا • دەرئەچێت کە سالی ١٣٩١–١٣٩٢ی کوچی‌و ١٩٧١ – ١٩٧٢ی زاینیش ئەژمێرێت بەرانبەر بە سالە کوردی‌یەکە •

ئەم ڕۆژمێرە هەموو ڕووداوە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و جیهانی‌یەکانی تیادایە لەگەل وێنەی پێشەواو شەهیدە نەمرەکانی شۆڕشی کوردا ، جگە لەچەندین دیمەنی دلڕفێنی کوردستان‌و نیگارێکی کاوەی پالەواندا •

دەزگای بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی ی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر

لە ٢٦–٢–١٩٧١دا دەزگای هەلبژێراوی دەورەی دووەمی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان – لقی هەولێر کۆبوەوەو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئەم مامۆستایانەی خوارەوە هەلبژارد •

١ – اسماعیل عمر – سەرەك بەڕێوەبەری کاروبار •
٢ – کمال حسین غەمبار – جێ‌گری سەرەك •
٣ – عبدالکریم ئەبو بکر – سکرتێر •
٤ – پەروەت احمد – ئەمینی سندوق •
٥ – ابراهیم مەلا محمد – ئەندام •
٦ – اسماعیل حمد سلیمان – ئەندام •
٧ – خورشید اسماعیل – ئەندام •
٨ – محمد علی کامل – ئەندام •
٩ – ئامق خورشید حیدری – ئەندام •

بەپرپە

تازە بە تازە خوڕ ئاوا بوو بوو ، بەلام هێشتان ڕەنگە زێڕینیەکەی خۆی بەسەر زەوی‌دا ئەشاردبووەوە ، جۆرەها دیمەنی جوان بە خەلکا بەخشی بوو ، لە خەلك کردبوو کە تیپ تیپ لاوان وە هەتا پیرەکانی شاریش بچنە پیاسەو هاتو چۆ کردن لە ئێوارەوورەکەدا ٠٠ ئێمەش هەر سێکمان ، وەك وان خۆشی وشادی دیمەنەکانمان لە دلدا کب بوو بوو ، جار جاریش چلمێتی دەوزیەك بەسەرەکەی تیزی‌خرپەی لەهەموو گیانماندا ئەهێنا هەر وات ئەزانی کە دوو سێ کەس بە ئەنقەست خرپەمان پێ لەبەخشن ٠٠ ئەوەشمان زۆر لا خۆش بوو ، چونکە هانی ئەداین کە تام لەم (دیمەنانەدا بچێژین ٠٠ وە بۆ ئەوەی دلمان لە ژیان‌و ئێوارە سێ نەبێ کەوتینە پیاسەکردن، وە وردە وردە شەقامەکانمان ئەبڕی بەتایبەتی ئەو شەقامەی کەڕازاندرابوویەوە بەهات‌و چۆکەران ، بە لەنجەلاران بە جاووی خوماران‌و بەجەمانی و پشتێنی ئاباپو جوان ، لەگەل پەلکە زێڕینی خوڕ ئاوا بووتا ، شەقاممان بڕی لەگەل شەقام بڕینیشا هەزاران خەیال ٠٠ خەیال بەرەو پێش ٠٠ خەیال بەرەو ڕابردوو ، ڕابردووی دوور ٠٠ ڕابردووی نزیك تا گەیشتین بە ئاخی باخ ٠٠ باخی بۆن خۆش‌و گەش باخی ڕازاوە بەگولالە وئەسرین ٠٠ بە کوڕەکان کوڕانی کچان ٠٠ کچانی کوردستان بەجل‌و بەرگی بەهارینی ڕێك‌و جوان ٠٠ لەگەل کوڕانی کوڕان هەردوو ئازاکانی گێوان ، بەجلی پاش بارانی دەشت‌و هەردانی جێ‌نشینی کوردان ، لە نێو ئەم دیمەنانەدا کاتێ وەستان و ڕوانین ٠٠ کاتەکەی تریش هەنگاونان و بیرکردنەوە ٠٠ بیرکردنەوە لە ژیان ٠٠ لە گیروگرفتی هەزاران ٠٠ جووتیاران‌و بێکاران ٠٠ لە پرتکا دۆستەکەی لە لاتەنشتی ڕاستم دانیشتبوو بەمەش ووتی : برادەران بفەرموون بادانیشین ٠٠ کە دانیشتین ٠٠ وە وای قسەو باس‌و گفتوگۆ ٠٠ ئیشارەتی پەنجەکانیشمان لەگەل قسەکانماندا بە هەموو لایەکا لەسوڕایەوە ٠٠ تا قەتارەی قسە گەیشتە شاری ئاذار ٠٠ مانگی ئاذار ٠٠ ئەو مانگەی کە دایکی ڕوداوانە ٠٠ ڕووداوی پڕ لە خەبات‌و تێکوشانە ٠٠ لە خۆش‌و ناخۆش لەئەشکەنجەو کامەرانی ٠٠ لەمانەش‌دا (٨)ی ئاذار ڕۆژی خەبات‌و کۆلنەدانی ئافرەتانی دژی زۆر داران‌و گەورە گەورەکان کە بەخوێنی پاکیان بەسەر لەلاپەڕەکانی مێژووی گەلانیان نووسی بژی (٨)ی ئاذار – جەژنی ئافرەتانی جیهان – هێشتان ئەم باسەمان تەواو نەکردبوو برادەرەکەی ئەو لای تریشم ووتی : خۆ لەم مانگەش‌دا جەژنی نەورۆزو جەژنی دارو درەخت وەك دوو ئەستێرەی گەش لە ئاسۆی زەمینا ئەدرەوشێنەوە ٠٠ ئەو نەورۆزەی کەدوا هێنانێك بوو بەزولم‌و زۆرداری کە ڕۆژ بوونەوەیەك بوو بۆ ملیۆنەها خەلکی هەژار ٠٠ ئەو جەژنە دارو درەختەی کە کۆتایی بەسەلاو بوو بۆ ڕۆژی سەختە ، بۆ ئەمام چاندنیش هەر وەختە٠٠ هەمیان برادەرەکەی یەکەم هاتەوە قسە و ووتی : خۆ بیست‌و چواری ئەم مانگەش ڕۆژی تێ‌پەڕ بوونو بازە سالی ڕەبەقە بە سەر ڕزگاربوون لە پەیمانی بەغدا ، ئەو پەیمانەی کە چەشنی کوت‌و زنجیر بەملماندا ئالابوو هەر وەك کورەمارێکی ڕەش خوێن‌و خێرو بێرمانی ئەمژی ٠٠ دوا بە دوای ئەویش ووتم ، برادەرینە ٠٠ ئەوانەی باستان لێوە کرد ، یەك لە دوای یەك شتی گرنگ بوون ٠٠ لە بەر گرنگیان کەوتنە سەر لاپەڕەکانی

برایم حاجۆن

میژووی میللەتانەوە ٠٠ چونکە ئەمانەش هەر بەدەست و بازووی ئەم میللەتانە وە بەرپابوون‌و هاتنەکایە ٠٠ ئەم بیرەشم وام لێ ئەکات کە بلێم ٠٠ ئەم چوار ڕووداوە کە لە عاستی خۆیاندا بوون بە جەژنانی پیرۆز بۆ گەل‌و هۆز ٠٠ هەموو هەر لە جەژنی نەورۆزەوە تا ئەگەینە (٨) ئاذاری پیرۆزەوە لەویشەوە تا ڕۆژی داروودرەخت و لە پەیمانی بەغدا ئەچینە دەرەوە ٠ ئەوە بووە کە خەلکان قوربانیان‌داوە ٠٠ خۆیان بەفیداکاری بە خاك ٠ بەخشیوە ٠٠ بۆ ئەوەی ئەوەکانی پشتاو پشت ئانێکی بە ئاسودەیی ٠٠ بە بەختیاری بخۆن ٠٠ ئەو ڕۆژانەش کە ڕۆژانی خەبات٠٠ ٠٠ تێکوشان ٠٠ خۆ بەخت کردنی هەزاران بوو ٠٠ وەك ڕۆژی (١١)ی ئاذارم دێتە بەر چاو ٠٠ ئەو یانزە ئاذارەی کە ئێوە هەمووتان زۆر چاك لەزانن گەلی کوردیش هەر لە کۆنەوە جۆرەها ئەشکەنجەو ناخۆشی دیوە ٠٠ هەزاران لاوی کورد لە پێناو ڕۆژێکی وەك یانزەی ئاذار لاشە پیرۆزەکەیان بۆتە خاك‌و خۆل بۆ ئەوەی ئەمامی ٠٠ شادی ٠٠ کامەرانی ٠٠ بەختیاری‌ی جوان جوان لەسەر گلی سنگیان گولی ئال بداوێ بە دیمەن و کوردستان برازێنێتەوە ٠٠ ئەمڕۆش وا سالێکی ڕەبەقە لە نێو گەرمی‌و فێنکی (١١)ی ئاذارەوە ئەژین ئەو یانزەی ئاذارەی کە خۆش‌و بزە بە لێوی کوردان ئەبەخشێت‌و هانیان ئەدات ٠٠ بانگوازیان ئەکات بۆیەکگرتنی بۆ لە بیرکردنەوەی خامۆش بێشوو ٠٠ بۆ بنیاتنانی گەردونی کورد ٠٠ گەردونی شادی و کامەرانی بۆ هەزاران ٠٠ بۆ جوتیاران ٠٠ بۆ زەحمەتکێش‌و ڕەنجبەران ٠٠ نەك تەنها لە کوردستان ٠٠ بەلکو لەسەرانسەری عیراقی خۆشەویستمان و لە گشت وولاتانی جیهان ٠٠٠

پاشماوەی : كەلالاو بابۆلە ..

« گێرەشێواندن » مالمان وێران ناكاو زەرەرو زیانێشمان پێ نەبژێرێ · · « بۆرێش ئەچینو سمێلیشی لەسەر دائەنێین » · سەرەرای ئەمەش با « ئای · بی · ئێم » ئۆزێكیش ناوسابێ زیان بەكەس ناگەیێنێ · باوازی لێبێنینو خۆمان لە شەرێ لادەین ·

– ئەی لانان چۆنە لە بوودجەی « خانووی هەرزان » ببڕین ·

– ئەی تۆ كە قسەی وا رێكوپێكو بەرێوەچێ لەمزانێ دەمەت شەپلەی لێداوە تا ئێستا نایلێی · سا فەرموون بزانین چەندی لێببڕین ·

– جارێ با نیوەی ببڕین بزانین چی بەسەردێ ·

جەراحێك خێرا چەقۆی لێگیركردو دەستی كردە بڕینی بەلام لە بڕ « هاواری لێبلندبوو » :

– ئای كوڕینە ! لە پەلە پەلێیان هەر بێ « بەنج » كەوتووێتە گیانی ·

یەكێ لەبەردەستەكان خێرا جەرجەفێكی بەسەر چروچاوی « بوودجەی فیدرالی » داداو دوكتورەكان دیسان دەستیان كردەوە بڕینی ·

– وا لەمەیان بووینەوە · ئەتوانین شادەمارەكانی « خوێندەواری »یش ببڕین · ئەلێن چی چەند شادەمارێك ببرم ؟

یەكێك ووتی :

– قوربانت بم دەست وبردكە ئێمە وا دەورمان لێداوی هیچ كەس لە پەنجەرەدا نات بینێو نازانێ چی ئەكەی ·

لەكاتێكا ئەم دوانە خەریكی بڕینی شادەمارەكانی خوێندەواری بوون بببوریەكی « فاچ »یش لەوێ بوو لە

« بەرنامەی بەر بەرەكانی لەگەل نەداری »و پەنجەكانی ئەفرتاندو بە بەردەستەكەی خۆشی ئەوت :

– ئەمانە بەكەلكی تۆ نایەن « بۆزبە لەرێ » ·

بەپاشان دكتورەكان ئێكرا دە قاچەكانی « زانستو لێكۆلینەوەی پزیشكی »رۆحالێو كورزی خۆیان لێگرت ·

دوكتورێكی تر لەولاوە ئارەقی رەش وشینی دەردابوو · خەریك بوو هەرچی دوكتورەكانی تر ئەیان بڕیو تووڕیان هەلئەدا · لەو خێرا پەلامارێ دەداو ئۆزێ « بلێشت »ی لەدەمی دەردیناو ئەی لكاند بە شوێنێكی تری كەلاكی « بوودجە »ی نەبەكامەوە ·

كاتێ « عەمەلیات »ەكە تەواو بوو سەرتاپای لەشی « بوودجەی فیدرالی »ی یسان بە « ئەوت »و « عەنزە رووت » هەبوو · بە « شاش »لیكی « باروووت »اوی شل شل پێچابیان دیسان لە جاران قەلەوتر بووە · لە درێژاییان دەرهێنابوو دە بەرینایی یان كردبو – وەبوبوە « رموزنە »یەك بۆ خوی · دوكتۆرێكیان كەچاوی پێكەوت وتی :

– من پێشنیاز ئەكەم چەند ملیارد لیتریش « پارە »بكەینە لەشی ئەم ئەخۆشەوە ·

كە دوكتورەكان لە زووری « عەمەلیات » ئەچوونە دەر لووتیان تەقی بەلووتی « رێتشارد نیكسون »ەوە كە یاوكی « بوودجەی فیدرالی »بوو ·

نیكسون بە نارەحەتییو خەفەتەوە لێی پرسین :

– چۆنە ؟

دوكتۆرێك وەلامی دایەوە :

– لامۆایە لەو پاشانە نەبێ، بەلام وا ئەزانم پێی ئەژی ·

پاشماوەی : لەگەل كریكاراندا

– ئاعەول ئەبێت من لەگەلتان نایەم ··

ئەوانیتر وادیاربوو ئەم دان پیاگرتنەیان بەدل نەبوو ·· یەكێكی تریا ووتی :

– هەرگیز بەمجۆرە دوانەكە وتووە ·· لەئەگیەتیی ئێمەدا سێجوار پیكاب بە بەتالیی رویشتن · لەوی ئەئیشتی برسی :

– خۆ دوێنێ ئەخۆش نەبوو ؟!

یەكەمیان وەلامی دایەوە :

– ئەوەللا ·· لەمن ساغتر بوو ·· هاكا پەیوابوو ·ئەگەر ئەشرۆن ئارەزووی خۆتانە ·من ریگاتان لێناگرم ·

لەم هقز هقزیەدا بوون كە جیپەكە دەركەوتو ترسی دواكەوتن لەدلم دەرچوو · من دوا ئەكەوتمو كریكارەكان دواكەوتن ·

ئەم بەیانیيە ··

هەوا لەرۆژان ساردتر بوو · لێرەو لەوێ روخی ئەو جادەیەی پیا لەرۆیشتم بەرەو بەسارەكە · زوقمی سپی ئەبینرا ·· خول ریزەكان كەوتبوونە دوای كەرە خول هەلگرەكەی لەجاو شەلتەزلە شۆرە بر لەخولەكەی سەر پشتیا هەرلە جاشكێكی كورچو گول ئەچوو · یەكێكیان لەناو سەرما خاولیەكی لەملی خۆیەوە ئالاندبوو هەردو دەستی خستبووە گیرفانەكانی شەروالەكەیەوە بەتیا بەئیادەمی دائەبچریو هاواری ئەكرد :

« خۆ ·· و ول » · ئەگەر لەدوورەوە گوێ گرانێك بیبینیایە وای ئەزانی باوێشك ئەدا · كە گەیشتمە ژێر بەسارەكە لەناوسەرما هەردوو دەستم خستە گیرفانی پالتوكەمەوە · لەئاسمانا پەلەهەوری چلكن وەكو لۆكەی كونی شیی كراوە بەگەرمیی خەریكی تێك قژان بوون ·· یەكێك لەو دوو كریكارەی لەپێش منا گەیشتبوونە ئەوێ ووتی :

– وادیارە زستانی ئەم سال سەخت ئەبێت !·

ئەوی تریان ناقەتی وەلام دانەوەی لەبوو ··

لەگەل گەیشتنی سێ كریكارەكەی تراو تەواو بوونی ژمارەیان · ئەمە ئە باران دەستی كرد بەبارین ·· لەتەنیشتمەوە كردبوونەوە ··

یەكێك لەگەلایە سوورەكانی شارەوانی وەستا · لەدواكەیا چەند كریكاریك چیچكەیان كردبوو ·ملیوانی چاكەتەكانیان داكیشابووە سەرسەریان · ئەفەندیەكی رەشتالەی چاكەتو پانتول كۆن لە پیشەكەی دابەزیو رووی كردە كریكارەكانی لەمەڕ خومانو وتی :

– دەی سواربن ·· ئیتر چیتان ئەوێ !

هەموو بەسەرسامییەوە چاوی برسیاریان تێبڕی وەكو بلێن «بروات بێناكەین ·· راستیی لەمەزەبی تۆدانیە ·· » كریكارەكانی ناوگەلایەكە ملیان قوت كردەوەو وتیان :

– دەی خیراكەن ·

كابرای ئەفەندی ویستی لەو سەرسامیەیاندا فریایان بكەوێت ووتی :

– لەم رۆوە شارەوانی ئەم گەلایەیەی تەرخان كردووە بۆ هینانو بردنی ئێوە ئاواتە كەتانی هینایەدی ·· دەرنگە سواربن ·

یەكێكیان بەخۆشییەوە هەنگاوی نا بەرەو گەلایەكە · بەلام كەبینی هاوریكانی ئەهاتن بەشیمان بووەوەو گەرایەوەلایان ·

كریكارە كۆنە قالبووەكە رووی پرسیاری تێكردو وتی :

– بەچ مەرجێك ئەم گەلایەیەمان بۆ تەرخان كراوە ؟!

ئەفەندیيە رەشتالەكە ووتی :

– نا ·· بۆ ئەمە مانتان گرتووەو سوارنابن !·

ئینجا بەشێوەیەكی باراو بەبراو لاف لێدانەوە وەكو بێیان بلێ : ئاماون سوپاسی خواو من بكەن · ووتی :

– چاوەروانی چی ئەكەن ؟!· لەوەزیاتر چیتان ئەوێ ؟ رۆژی سەد فلس كرێی ئوتومبیلتان بۆ ئەگەرینەوە ·· خیراكەن درەنگە ·

ئینجا بەشادییو خۆشییەوە كورچ بە لا ئەنیشتەكانییو دەرگا ئۆزاویەكەیا سەركەوتن ·· كریكارەكانی تر دەستیان ئەگرتن ·· كە گەلایەكە لەوسەری شەقامەكە زەتبوو عەول خەمی لەدلانەماو هەموو شتێكی لەبیر چووەوە،ئەونەتەنە بارانەش نەما ·

پاشماوەی : دوو قوتابخانەی ئامادەیی ···

قوتابخانە بەخیراتنێكی گەرمیانی كردو رێگای پێماندا كە چەن پرسیارێكی لێبكەین دەربارەی قوتابخانەكەو بە دلفراوانییەوە وەلامانی دایەوە ·

پرسیار : ئاشكرایە كە ئامادەیی یازدەی ئاداری كچان ئەمسال كرایەوە · جا بۆی هەیە بزانین كە چۆن بوو ئەم قوتابخانەیە كرایەوە ؟؟··

وەلام : پاش ئەوەی بەیانی یازدەی ئاداری پیرۆز ئاشكرای كرد كە قوتابی كورد پێویستە بە زوبانی خۆی بخوێنێ میری بریاری لەسەر كردنەوەی ئەم قوتابخانەیەدا وە هەر حالیبوو ماموستای بۆ پەیدا كرد · ئەمەش ئەتوانین بلێین ئەبێتە چرایەكی رووناك بۆ پاشەرۆژی گەلی كوردمان ·

پرسیار : ئێوە چی لەوە تێئەگەن كە زۆربەی خوشكانی كوردمان لە خوێندن بێبەشن لەكاتێكا كە كوردستان زۆر زۆر پێویستی پێیان هەیە ؟··

وەلام : ئەمە پرسیارێكی تازە نییە یاخوود وەلامەكەی من دووبارە كردنەوەیەكە كە ئەیخەمە پێش چاو · لەو هۆیانەش كەم ئەرخەمیو ئەزانی كەسوكاریان كە تا ئێستا سەدەی ئەتۆمو چوونە ناو مانگ كەچی پیری كۆنەپەرستییان هەر لە مێشكدایە هەروەها بارگای ئابووری كار ئەكاتە سەر ئەوەی گەلێك لە خوشكانمان لە خوێندن بێبەش بن ·

پرسیار : ئاشكرایە كە قوتابیانی ئامادەیی یازدەی ئاذار تا ئێستا بە كوردی نەیان خوێندوە · ئەمسال كە قوتابخانەی كوردییان بۆ كرایەوە؟ چۆنتان دێتە پێش چاو لەم لایەوە ؟··

وەلام : ئەتوانم بلێم ئەگەرچی قوتابیانمان تا ئێستا هیچ بە كوردی نەیان خوێندوە بەلام زۆر بە شانازییەوە پێشوازی ئەم هەنگاوەیان كرد ·

پرسیار : وابزانم كتێبخانەتان هەیە · جا خوشكانمان چۆن رووی تێئەكەن جە وە جولانەوەی هونەرو وێژە گەیشتۆتە چ رادەیەك لە قوتابخانەكەتاندا ·

وەلام : بە داخەوە كتێبخانەكەمان گەلێ كتێبی كوردی تێدا نییە بەلام ئێستا وا خەریكی كرینی چەن كتێبێكین ·· جولانەوەی ئەدەبیو هونەر زۆر پێشكەوتووە لامان ···

پرسیار : هیچ جۆرە گیروگرفتێكتا هەیە ؟

وەلام : بەلێ ··· یەكەم قوتابخانەكەمان زۆر كۆنەو بچووكە هەروەها ئەبوونی زووری وێنەگەری وە جگە لەوەی كە هێشتا كتێبی كوردیمان بۆ نەهاتووە ·· بەلام هیوادارین كە قوتابخانەكەمان لە پاشە رۆژێكی نزیكا ببێتە مەشخەلێكیووشەدارو خزمەتی گەلی كوردی چەوساوەو قوتابیانی خۆشەویستمان بكات ·

نوێنەر : زۆر سوپاس ·

عبدالسلام محمد – كركوك

پاشماوەی : رێرەوی هاوكاری

و گەلی عیراقی تێكۆشەر · ئاواتە خوازن كە بەیانی ئازار هەمیشە هەر بەردی بناغەی یەكێتی نیشتمانی و برایەتی لە پچران ئەهاتووی هەردوو ئەتەوەی كوردو عەرەب بێت · بەو ئەمایەی كە بەرەوەری یەكەمی ئازار ،هاندەری پتەوتر كردنی یەكێتی نیشتمانی گەلی عیراق بێت و چەسپاندن و قایمتر كردنی بناغەی ئاشتییەكی عادیلانەی بەردەوام و هەتاسەر بێت لە كوردستانا.

گەلی كوردی تێكۆشەر · لە بیرەوەری جەژنی ئاشتیدا ، لەیادی ئازاری ئەمردا ، چاوەروانە كە جێبەجێكردنی تەواوی بەیانی ئازارو گەشەپێدانی ناوەرۆكەكەی ، زامنی بەرژەوەندی زوربەی زۆری خەلكی كورد بێت و گۆرانێكی بنەرەتی پێش بەسەر ژیانی جوتیارانی كوردستان و سەرجەم كۆمەلانی زەحمەتكێشی كوردستانا · بەمەستی لابردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوە و ئازاردانێك لەسەر شانیانەوە بچراندنی كوت وزنجیری پەیوەندی دەرەبەگایەتی لە كوردستانا ، و ئازادكردنی جماهیری جوتیاران و چاكردنی ژیان و گوزەرانیان چونكە بە بێ هاتنەدی ئامانجەكانی كۆمەلانی زەحمەتكێشی كورد ، هەرگیز چارەسەركردنی عادیلانەی مەسەلەی كورد سەرناگری و رێكەوتننامە مێژوویيیەكەی ئازاریش ناگاتە ئامانجەكانی و ئەو ئاواتانە ناهێنێتەدی گە گەلەكەمان چەندەها سالە چاوەروانیێتی و خەباتیان لەپێناودا ئەكات .

پاشماوەی : ماموستایانی كوردستان ···

گیروگرفتێكی تر بێتە رێگامان چارەسەر بكەن ·· بۆیە نائومێد نەبوینە لەوەی كە لەگەل – نەقابەی مەركەزی ـدا ئەگەینە ئەنجامێكی وا كە لەگەل روحی بەیانە ئەمرەكەی ١١ ئادار بگونجێ ··

پچوارەم :

تا ئێستا – لەبەندەكانی بەیاننامەی ئاداری ئەمر – دەربارەی یەكیەتییەكەتان چ جێبەجێ كراوە ؟

وەلام :

ئەوەی كە تا ئێستا دەربارەی یەكیەتییەكەمان كراوێ وبەپەیوەندی بەبەیاننامەی ئادارەوە هەبێ گۆرینی یاسای رێكخراوی ماموستایانی عیراق بوە ·· مادەی یەكەمی (یاسای رێكخراوی ماموستایانی عیراق) كراوە بەدوو بەندەوە ··بەندی دوەمی قانونەكە پەیوەندی بە دوورستبوونی یەكیەتییەكەمانەوە هەیەو دەقەكەی بەكوردی بەم جەشنەی خوارەوەیە : (رێكخراوێك بەناوی یەكیەتی ماموستایانی كوردستانی عیراق دائەمەزرێ وەبێتە ئەندام لە رێكخراوی ماموستایانی عیراقو بۆی ئەلوێ لق لە شارەكانو لەو ناوچانەی كە زۆربەی دانیشتوانیان كوردە بكاتەوە. رێكخراوی ماموستایانی عیراقیش دەشێ بە ئارەزووی خۆی لقو لەو شوێنانەی سەرەوە بكاتەوە) دەستەوازی دوایی ئەم بەندە هەر چەندە لەگەل بیروڕای یەكیەتی ناكونجێت بەلام دەیسەلمێنێ لەمەرجێك بوواری یەكیەتیشمان نادرێ كە لق لەو ناوچانە بكاتەوە كە ژمارەیەكی زۆری كوردی تێدایە وجارێ ساخ نەبوەتەوە (كوردستان) ن نانا ؟! هەر چۆنێك بێت ئێمە لەم قەناعەتەداین كە دۆستایەتی یەكگرتنی خەباتی – بەعسو پارت – زۆر لەوە بەرزترو گەورەترە كە گیروگرفت خۆی لەبەری راگرێت ··· !

پاشماوەی : ئاوانهان بینی ··

(هەلۆ) واتەكان (كاوس) بۆچی ئەبێ ئەوەندە (تكلف) بكرێ گوا كێ دیوەبەتی پیاوێك ئاوایك بكات یان ببینێ ئەكرێ ئاوا بە جارێك خۆی تێكبدا باشە ·· ئێك چۆن هەقی چییە بەسەر دەموچاو هەلكۆفینەوە تا ئەبوو وا دەور بیبتری گاك هەلۆ ئەترسم خوێن گرتبی خۆ لەوساش ئەبوایە لەسەر خۆتبێ ئەلا ئاوا خوت ناشیرێن بكەی سەیرتر ئەوە بوو رووناك كە ئاوان یاری راستەقینە بوو زۆر بەجەرگ تربوو تەنها پاش ئاوانەكەی توانی خۆیوالی بكات دلی بەمیردەكەی پسوونیو فرمێسكی درۆی بۆ هەلەرشت · ئەمە زۆر جیاوازە لەیەك ئەئەبوو وابێ ·

سەرەكی دادگاش ئەگەر جی باش بوو بەلام ئەویش زۆر سەیری (عدسە)ی تلفزیونەكەی ئەكرد هەتا جاریكیان پەنجەی خستە سەر دەمی وەك بلێت (ووس بە) بەلام بەكێ بوو ئەوە نازانم ؟

هەلەكان زیاتر هونەری بوون دیارە ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ نەبوونی كادری هونەری كورد بەتایبەتی دەرهێنەری تلفزیونی پاش ئەوەی لەكوردستان ئیستگەی تلفزیون واتە (ئیستگەی تلفزیونی كركوك) ئەمە ئەوەمان ئەخاتە بەر چاو كە تیپە هۆنەریەكانی كوردستان ئەبێ چاك ئەوە بخەنە بەرچاو كە هانی ئەندامانی خۆیان بدەن بۆ خوێندنی دەرهێنانی تلفزیونی چونكە ئاشكرایە تاكو ئێمە جاورێ دراوسێ بین بێشیو سەر ئەتێبینەوە یا ئەوەمان لەبەر چاو بێت هۆنەر دەستێكی بالای هەیە بۆ ناساندنی هەموو ئەتەوەیەك دەما لە سەر شانتانە ئیوەش تیپە هۆنەریەكانی كوردستان خەلك هاندەن بۆ فیربوونی هەموو لقەكانی تری هونەر ·· هیوای سەركەوتنتان ئەخوازین ولە لواندلیكی تردا ·

پاشماوەی : میهرەجانێكی وەرزشی كچان ···

گاك ناصر یوسف سوتندیوەرزشی پێشكەش كرد ·· ئینجا دەست كرا بەیاری كردن لە نیوان تیپەكانی شارەكان كە چوار رۆژی خایاند ··خەلكێكی زور بۆسەیر كردن هاوبەشیان كرد ··

لەرۆژی كوتایی · بەرێز جێگری پارێزگاری هەولێر كاك كانبی دزەییو پاریدەری پارێزگار كاك محسن قوجە قصاب و امر مەوقعی هەولیر ئامادە بوون جگەلە كاربەدەستانی بەرێوەبەرایەتی پەروەدە ··

لە ئەنجاما هەلبژێراوی شاری نینوی لە یاری تێنس و یاری بالا بردیەوە ·· وە تیپی شاری هەولیر لەیاری باسكت بول بردیەوە ·· تیپەكانی كركوك و دهوك وسولەیمانی دوراندیان·

بەم شێوەیە ئەو میهرەجانە قەشەنگە لە نیو دابەش كردنی یاداشت بەسەر یاری كەرەكاندا كوتایی پێ هات ··

ئەوەی شایانە باسە رۆژی دووهەمین بە شەو ئاهە نگێكی جا خواردنو گورانی ساز كرا ·· ئەم ماموستایانە هەكەم و سەر پەرشتی گەری میهرەجانكە بوون :–

ماموستا أنور شكرچی ، عزالدین حسێن ، فاروق سید حسێن ، سالم عبدالرحمن ، فاروق توفیق ·· بەراستی خویان زۆر ماندوو كرد ·· هیوادارین ئموئەیان زۆربێ ·

پاشماوەی : خاچی سوور ···

هەندێكیش لەوانە عربوون · بەم جەشنە توانیان چارەسەریان بكەن وە لەباوەشی مەرگ بیان ستێنەوە ·

لە دواییدا (دونانت) لیژنەیەكی دروست كرد پێك هاتبو لە پینج ئەندام ئەوەندەی بێئەچو لەپاشان گوردرا بو بەلیژنەیەكی دەولەتی وە ناسرا بە (صلیب الاحمر) لە جنیف ئەو لیژنەیەش ژمارەی ئەندامانی ٢٥ كەس بوون لە سویسریەكان كە بانگكرابون بو كونگرەی دەولەتی سەلیبی سور وە نزیكەی ١٦ دەولەت بەشداربون وە لە سالی ١٨٦٤دا كونگرەكە لە جنیفدا گیرا · ئەو كونگرەیەش كوتایی هات بە مۆركردنی پەیمانی سەلیبی سور بەوەش رێگا درا بە دروست كردنی لیژنەی لقی · ئەتەوایەتی · لە سەلیبی سور لەزوربەی ناوچەكانی جیهاندا ·

جالبرەدا پێویستە لەبیرمان نەچێت وە هەست بەوە بكەین كە ئەو لیژنەیە دامەزراویكی مرۆڤانەیە · ئەقەلا ئەدات بو سووك كردنی دەردو یەژارەی مرۆڤ لە گیتیدا ·

پاشماوەی : ژ فۆلكلۆرێ ···

دەمە ئە وی ژنی گازی هەڤالێت خو كر گوتێ : نادەنە ئە – نادەنە قە · وان ژی لوێری گازی كرێ : بدەم ئێ – بدەمێ مە هیڤی هەیە · مە سارە ··· پیرە ژنێ پارە دانە ف كوچكی ·· ئەوی ژی پارە برن و هێشتا نێ جیت · هەڤالێت وی مانە رویس د گومێ دا لهیڤیا لیفك و صابینا درێژ مان ئە هات · چونە نك پیرە ژنێ گوتێ : كا هەڤالێ مە !! پیرە ژنێ گوتێ : ما ئە هاتیە ف · پانێ پارێت ئینانێ هەر دوكا پێكڤە گوتنە پیرە ژنێ : ما مە ئە گوتبو تە پارا نەدە ف كەسێ ژ مە هەكە ئەم هەر سێ پێكڤە نە هێین · پیرە ژنێ گوتێ : ما هەوە گازی نە كر كو بدەمە ئێ · لەوان گوتێ : ما مە یەحسێ پارا بو ··· مە ڤرێ كربو تك تە لیفكو صابینا ··· وەرە دا بچینە شریعەت لك قازی ··· هەرسێ بدیڤیك كەفتن و چونە نك قازی ·· حەكاتا خو بو قازی كر · قازی گوتە پیرێ : لسەر تە دچن · پارێت وان بدێ ·· پیرە ژن یا زانا بو · یا سەر بورێسەر ڤە چوی · گوتە قازی: بەلێ دێ پارێت وان دەمێ ··بەلێ ما ئەگوتیە من هەكە ئەم هەرسێ حازر نە بین پارا نە دەف كەسێ ژ مە ئێنێ ··· هەردوكا بدەنگی گوت : بەلێ قازی ئەڤە ئەڤی وەعدێ مە ئەو بو ··· پیرێ گوت : دێ بلا هەڤالێ خو بێ سێ بینن دێ پارێت وان دەمێ ··· گوتە قازی ما ج خودێ قەبیل دكەت ئەز وان پارێت وان دابنێم من جارەكێ ئەز دو جارا بدەم · ما هەكە من نوكە دانێ وپاشی هەڤالێ وان ژی هات وی ژی پارە ژ من دڤێن ···

قازی گوتە وان هەردوكا : هەرن هەڤالێ خو بینن پاشی پارێت خو ببەن ··· هەردو بێ هیڤی بون وچون · قازی گوتە پیرێ : تە جاوا لسەر خو كرنە مال یا هەكە هەڤالێ خو ئینا تو دێ چ كەی ؟ پیرێ گوت : هەكە هەڤالێ وان هات پارە ئێت دگەل دێ بو من ژی ستینی · و هەكە نە شیان هەڤالێ خو بینن پارێت وان چون ·

بۆ زانین

داوای سەماكەر لەئافرەتانو پیاوان بۆ كاركردن لە هونەرەمیللییەكاندا

هەركەسێ ئارەزووی تەعینبوونی هەیە لە دەزگای گشتی سینەماو شانۆدا بە پلەی سەماكەر لە پیاوانو ئافرەتان با داواكاریيەكە پێشكەشی ئەمدەزگایە بكات بە مەرجێك ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادا بێت:

١ – تەمەنی لە ١٥ – ٢٥سالان بێت ·

٢ – بەلای كەمەوە شهادەنامەی خوێندنی سەرەتایی هەبێت ·

٣ – لەشی رێكوپێك بێت ·

٤ – مووچە بەگوێرەی شهادەنامەو توانای پێویستییە. داواكاریيەكان تا ١ی نیسانی ١٩٧١ وەرئەگیرێ ·

بەرێوەبەری تایبەتی نووسینگاكە
رحیم التكریتی

١–٣

پاشماوەی : ووتاری بەعس و پارتی

باشترین رێگەدا بۆ چارەسەر كردنی مەسەلەی كورد ·· بیروباوەرمان لەم رووەوە ئاشكراو دیاربوو · بروایەكی تەواومان بە بوونی ئەتەوەی كوردو مافە رەواو عادیلەكانی هەبوو كە ئەمەش لە خوێدا دەربرینێكی راستەقینانەی رووی شۆرشگێریتیو پێشكەوتنخوازییەتی · شۆرش بروای بەوە هەیە كە خواستو ئامانجی ئەتەوایەتی جماهیری كوردی لە بنەرەتا هاوجووتە لەگەل خواستو ئامانجی جماهیری عەرەبداو بە هیچ جۆرێك لە یەك جیا نین ·· » · « بەكار هێنانی مافو دەربرینی خواستو ئامانج لەلایەن جماهیری كوردەوە مەسەلەیەكی گرنگە لە شۆرشدا ، چونكە چەوساندنەوەی ئەتەوایەتی تەنیا رەوشتی خوویەكی كۆنەپەرستو فاشیزمانەیە كە گەورەترین زیان بە كاروانی گەل ئەگەیێنێ بەلام ئەگەر مافی ئەتەوایەتی لە چوارچێوەی یەكێتی نیشتمانیدا بەجێهێنرا ئەمەیان ئەو دروشمە شۆرشگێرە مرۆڤایەتییە كە هەموو جماهیری عێراق بروای پێی هەیە ·· »

وەپاش ئەو كاك صالح یوسفی ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان وتاری پارتی لەجیاتی بارزانی مستەفای تێكۆشەر سەرۆكی پارتی خوێندەوە ·

كاك یوسفی لەسەرەتای وتارەكەیدا پیرۆزبایی لە گەل عیراق كردوو ووتی :

« رێكەوتنی مێژوویی ١١ی ئاذار سەركەوتنێكی مەزن بوو بۆ خواستو ئامانجەكانی گەل وە بەری رەنجی خەباتێكی دوورو درێژی هێزە نیشتمانیيەكان بوو لەسەرو هەموویانەوە هێزەكانی هەردوو پارتی هاوپەیمان پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراكیو پارتی دیموكراتی كوردستان لەو بەیەك گەیشتنەوەیاندا كە بەیاننامە مێژووییيەكەی ١١ی ئاذاری پێ هاتە كایەوە ·· »

وە ووتی : « بەیەك گەیشتنەوەی ئەم دوو پارتە لەسەر بنچینەكانی جوون یەكیو ئالو گوركردنی بیروڕا بۆ دۆزینەوەی چارێكی عادیلانە رادەیەكی دانا بۆ ئەو كارەساتەی یەكی كاروانو پێشكەوتنی خستبوو ·· » وە ئەم بەیەك گەیشتنە توانی بناغەیەكی پتەو دابمەزرێنێت بۆ بەشداربوونی خوێنەخوێی نێوان هەردوو ئەتەوەی سەرەكی عەرەبو كورد لەیەك ئیشتمانداو دانان بە مافە رەواكانی گەلی كوردماندا لەسەر بنەرەتی حوكمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی كۆماری عێراقی خۆشەویستدا · » وە لەباسی دەسكەوتەكانی ١١ی ئاذاردا ووتی :

« ناموێ یەكە یەكە ئەو دەسكەوتانە بژمێرم كە لە بەندەكانی ١١ی ئاذاردا بەجێ هێنراوە · ناشموێ پێشەكی باسی داهاتوو بكەم بەلكوو ئەمەوێت ئەوە بسەلمێنم كە پار زۆر لەبەندەكانی ئەمبەیاننامەیە جێبەجێكراو بڕواشمان وایە كە ئەمسال لە پار باشتر ئەبێ ·· »

پاشماوەی : هاملێت ··

دەرهێنەری شانۆگەرییەكە دیسانەوە سلاو رێزمان بۆ یەكیەتی قوتابیانی كوردستانو بەرهەمە شیرینەكانیان وە رێزیشمان بۆ هونەرمەندی لاو ماموستا (حەمە فەرەج) هیوام پێش كەوتنو سەركەوتنیەتی لە بەرهەمەكانی دوارۆژا ··

سوپاسیش بۆ رۆژنامەی هاوكاری خۆشەویست وە بە تایبەتی بەشیهونەر كە بە پێی توانا یارمەتیو هانی هونەری ئەتەوایەتیمان ئەدات بە بلاو كردنەوەی سەربەستی رای هاوولاتیان · – سوپاس ·

پاشماوەی : كتیبی هاوكاری ··

هەر مرۆڤێك راستی ببینێت لە ناوەرۆكی قسەكانی سەری سوڕئەمێنێ · ئەگەر بمانەوێ بەلكو روون كردنەوەیەكە وەلام بدەینە زۆر درێژەئەكێشێ لەبەر ئەوە چەند خالێكی سەرەكی دەستنیشان ئەكەین ·

ماكان ئەلێت سەدان سال لەمەوبەر خەلكی ئازربایجان بە « نیومزمانی » ئازەری قسەیان ئەكرد كە بەشێك بوو لەزمانی فارسی · با بۆ هەناسەیەك وافەرزبكەین كەرای ماكان راستە · ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوە نییە كە چەند سەدەیەك لەمەوبەر خەلكی ئازربایجانی ئێستا بەچ زمانێك دوواون بەلام ئێستا بەچزمانێك ئەدوێن · وە ئایا زمانی ئێستایان ئەتوانرێت بە بەشێك لەزمانی فارسی بژمێررێت ؟ ئەوەی كە زمانی ئازەری تێكەلە لەزمانی توركیو ئازەریو عەرەبی بەلگەی ئەوە نییە كە ئازەری زمانێكی سەربەخۆنییە كام زمان لەزمانە نوێیەكان · هەر لە فەرەنسیو ئینگلیزیو ئەلمانییەوە ئازمانەكانی سلاف واقعێك كە نكوولی لێناكرێت ئەوەیە كە چەند ملیون خەلكی تێكەلنییە لەزمانی جیا جیا ·

– ماوەتی –

ژماره : ٩
١٣ی مارت ١٩٧١

لاپەڕەیەكی سەربەست

سەرپەرشتی : نوری حەیران

لەم گۆشەیەوە

● كلپە سەندنی شۆڕشی نیشتمانیی كورد ، شتێكی ئاسایی‌و چاوەڕوان كراو بوودژی ئەو سیاسەتە نالەبارەی ڕژێمی چەپەلی دیكتاتوریەت كەوتبووە بەكار هێنانی لە كوردستاندا .

● ماوەی دەسال خەباتی سەخت‌و خوێناوی‌و مال ویرانی‌و قوربانی‌دان، دەرسێكی نوێ‌بوو بۆ كوردو تاقی كردنەوەیەكی ئەوتۆ بوو كە ڕادەی دووربینی نەتەوەكەمان گەلێ زیاتر بكات لە جاران‌و فراوانی‌یەكی ئەوتۆی‌دا بەم شۆڕشە لە شۆڕشەكانی‌دابوردووی‌دا كەمتر بەدی‌ئەكرا .

● دوو بەرەكی ئاتەموو ئەفرەدان چەكێكی بڕندە بوو بەدەست دوژمنانی نەتەوەكەمانەوە وە هەمیشە هۆیەك بووە لەو هۆیانەی شۆڕشەكانی میللەتەكەمانی پێ دامركێنراوەتەوە .

● كـ... وەرگرتنی نەتەوەكەمان لەو هەلە كۆنانەی ڕابوردووی‌و چارەسەركردنی وپێیادا ئەڕۆیشتنەوەی نەتەوەی كوردی لە عێراق‌دا كەیاندەقۆناغی بەیان نامەی ١١ی ئادار كە ئەویش باوەڕ هێنانێكی تەواو بە وجودی كوردو حوكمێكی سەربەخۆی لە چوارچێوەی كۆماری عێراق‌دا .

● گرنگی بەیان نامەی ئادارلەوەدا دەرئەكەوێت . كە چارەسەرێكی بنەرەتی‌یە بۆ ئەوگیروگرفتەی كە دلسۆزان توانیان بە چاكی تێی بگەن‌و بەدلێكی فراوانەوە باوەڕی پێ بهێنن‌و چارەسەری بۆبدۆزنەوە .

● ئەمڕۆش یادی یەكەم‌سالی دەرچوونی ئەوبەیان‌نامەیە ئەكەینەوە . ئەومان ئەكەوێتە ئەستۆ كە بە جگەر سۆزی‌یەوە پارێزگاری بەندەكانی ئەو بەیان‌نامەیە بكەین هەموو توانامان بخەینەكار بۆجێ‌بەجێ كردنیان.. هەتا هەموو سالێك لە ژێر سایەی پێشكەوتن‌و ئاسایش‌دابتوانین یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بكەینەوە ..

نوری حەیران

ئەو شارەی‌خانووەكانی هەمووی باغەیە

ئایا ئەتەوێت لە خانوێكی باغەدا بژیت ، لە شارێكی باغەدا؟.. هەتا چاكی‌و خراپی ژیانی بەغەبی تاقی بكەیتەوە ؟ ئەگەر حەزت لەو جۆرە ژیانە كرد ، تەنیا ئەوت لەسەرە خۆت ژیانەكرد ، تەنیا ئەوت لەسەرە خۆت كۆكەیتەوەو بەرەو شاری دۆسسلۆفی ئەلەمانی بڕۆیت بۆ ئەوەی یەكەم شاری باغە ببینیت گەوا لەتەواو بووندایە .. ئەو شارە بە بۆنەی یەكەم پێشانگای باغەوە دروست ئەكرێت پێشانگای باغەی دەولی ، ئایكا ٧١ ، لە مانگی ئابی داهاتوودا ئەكرێتەوە ، وە بۆ یەكەم جارێشە پێشانگایەكی‌وا بكرێتەوە لە جیهاندا .

هەر بەكردنەوەی ئەو پێشانگایە خانۆكانی ئامادەیە بۆ تاقی كردنەوە بۆماوەی پێنج سال ، زۆر لە ئەندازیارە معماری‌یە بەناوبانگەكانی فەرەنساو فنلەنداو ئەلەمانیای ڕۆژئاواو سویسرا نەخشەی ئەو خانوە تازانە نیشان ئەدەن، وە وا چاوەڕوان ئەكرێت كە یەكێتی سۆڤیاتیش نەخشەی خۆی بنێرێت .. ئەو ئەندازیارانە وتوویانە : ئەو خانوە تازانە بەچاكی گوزەرانی تیادا ئەكرێت .

حەبی منال نەبوون بە خۆرایی

ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی بانگەوازی گشت حكومەتەكانی جیهانی كردوە بۆ ئەوەی حەبی منال نەبوون بە خۆرایی دابەش بكەن لەویش وەك ڕێگایەك بۆ وەستاندنی زۆر بوونی منال ..

ڕێكخراو لە بانگەوازەكەیدا ئەڵێت ، ئەگەر دانیشتوان هەتاماوەی دە سالی‌تر بەم شێوەیە زیاد بكات ، لە ئەنجامی ئەمەدا جیهان ئەتەقێتەوە ..

یەكەم شار لە جیهاندا كە بەو بانگەوازەوە چوبێت شاری بەرلینی ڕۆژئاوا یە و لە دوای لەمیش شاری ملهایم بوو لە ئەلەمانیای ڕۆژ ئاوا .

دوای بانگەوازەكە ئەو دووشارە دەستیان كرد بەدابەش كردنی حەبی منال نەبوون بەسەر ئافرەتاندا بەخۆرایی بەبێ جیاوازی لە نێوان هەژارو دەولەمەندەكاندا .. وا چاوەڕوان ئەكرێت كە ڕۆماو بۆنیش لە سەرەتای مانگی ئاداری داهاتوودا بكەونە دابەش‌كردنی ئەو جۆرە حەبە وەك ئەو دوو شارە ناوبراوە ..

قسەكەرێك بەناوی ئەو ڕێكخراوەوە وتوویەتی: بەهیوای ئەوە چاوەڕوانین‌كە حكومەتەكان هەموویان بەبانگەوازەكەمانەوە بێت ، بەو شێوەیە كۆمەلگای مرۆڤایەتی هەنگاوێكی گرنگ ئەنێت بۆ بەربەست كردنی‌زیادبوونی منال ..

ڕاپۆرتێك لە بەرلینی ڕۆژئاواوە وائەگەیەنێت .. دوای ٢٤ سەعات لە بڕیاری دانی‌دابەش كردنی حەبی منال نەبوون بە خۆرایی ٣ هەزار ژن‌لە ئەجزاخانەكانی بەرلین‌حەبیان وەرگرتووە بەخۆرایی ..

ئەندەیەكی ناسك

یەكەم ئاشە جیاوازی چی‌یە لەبەینی ... . موسیقیدا ؟

دووەم: قەوار ... ئەوێـە خەسوت بكەوێتە ... .
بەلام موسیقەت ئەوەیە ... بهێنیتەوە .

لە پێش ماوەیەكدا دولبەری فەرەنسا بریجیت باردوو نواندنی فلیمی « بۆلغار ئەلریم »تەواوكرد . دیمەنەكانی ئەم فلیمە تازەیەی برجیت لە پاریس‌و ئیسپانیاو مەكسیكدا گیراون . سەیر ئەوەیە كەوابریجیت باردوو لەگەل ئەو درێژەی ئەیبینی لەو فلیمەداورتەی لەدەمەوە نایەت . بریجیت باردوو لەم فلیمەی‌دازیانی مومەسیل سینەمای بێ‌دەنگ لێدا لاڤ دەائێرێتەوە .

● لەگەل داكەوتنی مۆدەی‌پانتۆلی كورت لە ناو ئافرەتانی ئەوروپاو ئەمریكادا ، ب.ب.دوای خۆی بەرامبەر ئەوجل‌و بەرگە نوێیە دەربڕیوە ئەڵێت:پانتۆلی كورت چاكترین بەرگە بۆ مومەسیل چونكە ئەم جلەباری هەلسوڕان ئاسان ئەكات. بەلام ئەم جۆرە جنە بەكەلكی‌صالون نایەت .

دەستگاكانی دروست كردنی جل‌و بەرگ لە ئەمەریكاو ئەوروپادا بەردەوامن لە پێش‌كەش كردنی جل‌و بەرگی تازە داهێنراودا بۆ بەهاروو هاوینی داهاتوو .

وەئەوەی سەرنج ڕاكێشی لەو جل‌و بەرگە تازە داهێنراوانەدا ئەوەیە كە زۆربەی ئەوجلانە درێژن‌و بەوێنەی گەورە گەورەی ڕەنگاو ڕەنگ‌نازێنراونەتەوە .

سەركەوتنی تاقی كردنەوەیەكی گرنگ لەبەربەستی كردنی نەخۆشی‌ی شێر پەنجە

سێ زانای ئەمەریكایی لە دانیشگای كالیفورنیادا توانیویانە چەند شانەیەكی شێرپەنجاوی لە لەشی مشكێكدا چاك بكەنەوە ، وە بەربەستی تەشەنەكردنی ئەو نەخۆشی‌یەی بكەن .. ئەو زانایانە ڕیتشارد هالبێرت‌و باربارای ژنی ، لەگەل ورۆكنی سمیس‌دا . وایان بلاو كردۆتەوە كە ئەو عونسورە سەرەكی‌یەی دوای ١٠ سال پشكنین گەیاندوولی‌یەتە ئەم‌ئەنجامە بریتی‌یە لەو جوزئیاتانەی خاسیەتی لەیەكچوون ئەگوازێتەوە بۆلەش كە پێیان دەوترێت «دیزۆكسی ریبۆ نیوكلینیك ئاسید» ئەو سێ زانایە ئەم بەشە جوزئیاتانەیان لەو شانانە جیاكردۆتەوە كە تووشی شێر پەنجە هاتوون ، دوای بەتال كردنەوەیان گراونەتەوە لەشی مشكەكە ، كەچی بەم كارە مشكەكە تووشی نەخۆشی شێر پەنجەنەبووە.بەمەدا ئەوزانایانە وتوویانە : ئەو جوزئیاتانەی پێیان دەوترێت « دی ـ ان ـ ئەی » بەربەستی تەشەنەكردنی شانە شێر پەنجەیەكان ئەكات وبارمەتی ئەو شانانە ئەدات كە بەرگری لە لەشدا دروست ئەكەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی تەبیعی بەرگرخۆیان بكەن .

ئەمە تۆپ نی‌یە !!

ئەمە وێنەی تازەترین تەلیسكۆبە لە ئۆكرانیا دامەزراوە بۆ لێكۆلینەوەی ئاسمان‌و ئەستێرەكان .. بەڕووكەش لە تۆپێكی جەنگ ئەچێت ، بەلام ئەم حەقی بەسەر شەڕو ئاشتی زەمینەوە نی‌یە .. ئەم تەلیسكۆبە توانای هەیە ڕووداوی سەر ئەو ئەستێرانە نیشاندات كە ماوەیەكی ئێجگار دوور لە زەوی‌یەوە دوورن . ئەڕەندەی

ئەگەر گەشتیەكی ئاسمانی بۆی بچیت پێویستی بە مەلاین ساله هەتا ئەگاتە ئەو جێگایە ..!



چاكترین جێگا بۆ پیاوەتی نواندن

لەگەل ئەو كۆمەلە مومەسیل سینەمایەدا ، لورین باكال‌و جۆن هافولو ئالس مەغروش نارەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر ئەو ڕاوكەرە ئەمریكایانەی داوی بەرانە كێوی ئەكەن ، لەكاتێكا ئەو ڕاوچی‌یانە وتوویانە : بۆیە ڕاوئەكەن « بۆئەوەی بەوبەلگەیە پیاوەتی خۆیان نیشاندەن‌و ئەوە بشارنەوە كە لە مالەوە لە پیاوەتیدا سەرنەكەوتوون » لەگەل ئەمەشدا ئەو دەستەیەی خۆیان ناو ناوە « دوستانی ئاژەل » ئەم نارەزای‌یەیان لەشێوەی ئاگادار‌یدا لەڕۆژنامەكانی ولایەتی نیوجەرسیدا بلاو كردۆتەوە ..

(سالی) مەیموونێكە لە مەیموونەكانی باخچەی حەیوانانی شاری فرانكفۆرت ، لە بەمەی تۆ سالاندایە . ئەم مەیموونە ئەوەندە لاساره ، كە ناوبانگی لە لاساریدا دەركردوە .. ئەوتا بڕی داگرتووە لەوەی كە هاوبەشی كردنی دروست كردنی گێتێك لەگەل ئەشۆنەكجەدا .. وەك لەوێنە كەیدا دەرئەكەوێت .

كریستین لەگوێی ڕۆخی سیدنی

شۆخە كچی نیوزیلاندی كریستین شاپیل دوو سالە خەریكی نواندنی جل‌و بەرگە لە ئەوستڕالیادا ، بەلام ئێستا بڕ لەوە ئەكاتەوە واز لە جل‌و بەرگ نیشاندان بهێنێت‌و بەئیشێكی ترەوە خەریك بێت بەهیوای ئەوەی ناوبانگێكی زیاتر پەیداكات .. هەروەك لەوێنەكەیدا دەركەوتووە كریستین خەریكی مەلەكردنە لەگوێ ڕۆخی سیدنی ..

هاوكاری‌و خوێنەران

ئومێد

● كاك هەلو عبدالواحد لە كۆیەوە .. كاكە قوربان.. توش ئەگەر سەرێكی بەغدا بدەی زۆر چاكە بۆ ئەوەی نووسینەكەت بۆمانی بخێنیەوە .. ئەلێی چی ؟

● كاك ڕەئوف تەوفیق لە كەركوكەوە .. وورچەی دڕندە .. هەولێكی چاكە .. زیاتر بایەخ بە داڕشتن‌و ناوەرۆك بدە .

● كاك عەلی بچكول لە كەركوكەوە .. كە بووی بەو فەرماندویە بەراستی .. چاوێكت لێمان بێ !!

● كاك عبدالجبار زەندی لەكەركوكەوە .. باسەكەت (كۆمەلەی اتحاد ترقی‌و گەلی كورد) .. لەبەر بچڕبچڕی ڕووداوەكان‌و نەبونی كیانی مەوزوعیەت لە لێكولینەوەدا ، بلاومان نەكردەوە .

● كاك غەفور ئەحمەد لە سلێمانی‌یەوە.. شیعرەكەت (كوڕیەی تازە) هەولێكی سەركەوتووە .. هیواداریـن بەرهەمی داهاتوت چاكتر بێ .

● كاك فاروق داودی لە بەغداوە .. (دوواپێبینی) لە چیرۆك ناكات‌و لە مەسرەحیەش ناكات ئەبوایە بایەخ بەجۆنیەتی داڕشتنی بدەی .

● كاك عبدالرحمن زەنگنە لە كەركوكەوە .. پیرە ڕاگوزاریەكەت (ئەلەك بخولێ) سەركەوتووە بەڕێی كاتی كەپشتنی بلاونەكرێتەوە .

● شەپۆل ناوێك لە سەر شەپولێكی ئەناسراو شیعری بۆ ناردوین .. تاكو شەپۆلەكە ئەدوزینەوە .. ناوو ئەدرێس .. ئینجا بیر لەبلاوكردنەوەی شیعرەكان ئەكەین .

● كاك عثمان هەورامی لە ئەوێلەوە .. هیوادارین بیرو ناوەرۆك‌و چۆ نیەتی داڕشتنی بەرهەمی داهاتووت چاكتر بێ .

● حەمە ناوێك ... حەسەیێكی بۆ ناردوین .لەبەر ئەوەی مەسەلەكە حەسەیە .. ئێمەش حەسەان ئەكرد حەسیكەین .. ناوەكو حەسەكە ئەناسین !؟

● كاك عبدالله شیخ مەمووندی لە هەولێرەوە .. ئەگەر بەخشان بنووسی باشترە !..

● كاك ئەنوەر نجم الدین لە سلێمانیەوە .. قوربان شیعر كەی وائەبێ ..

● كاك (فاروق ڕضا) لە بەغداوە .

برا !.. ناوەڕۆكی شیعرەكەت باشە ، بەلام لەڕووی شێوەوە تەواونیە ، هەول بدە كورت‌و پوختە بێت .

● كاك (عبدالله احمد شیخ مەموندی) لە هەولێرەوە.

برا !.. (بێ شەرمی) نەبێ .. بەهەلە نەچوویی .. جارێكی تریش سەرنجمان دایەوە هەر ئەوەكەی جاران بوو .. جا ڕەنگە خۆت بەهەلە نووسیبێت . شیعرەكەی ئەمجارەت لەوەی پێشوو تر باشترێكە .. بەلام هێشتا ئەوە نیە .. زیاتر هەول بدە .

● كاك ـ اسماعیل محمد عبدالله رسول ـ لە هەولێر .

كاكە ! باس‌و پەخشان‌و شیعرەكەت ساكارتو مەبەستێكی ئەوتۆ ناگەیێنن كە شایانی بلاوكردنەوە بێت ، ببورە .

● كاك (عارف ڕشدی) لە زاخۆوە .

ببورە .. شیعرەكەت بۆ بلاوكردنەوە دەست نادات چونكە لە ڕووی هونەری‌یەوە تەواو نیە .